# بیری نەتەوەیی و وەهمی دەوڵەت لە هاوكێشەی مەعریفی كورددا

پ.ی.بیستون عادل علی پ.ی.د.محمدامین محمدنوری امین

زانكۆی كەركوك كۆلێژی پەروەرە دبۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان زانكۆی سلێمانی _ كۆلێژی زمان_

## الفكر القومي ووهم الدولة في المعادلة المعرفية الكوردية

أ.م. بيستون عادل علي أ.م.د. محمد امين محمدنوري امين

جامعة كركوك – كلية التربية للعلوم الانسانية جامعة سليمانية – كلية اللغات

ملخص البحث

القومية هي نظام سياسي واجتماعي واقتصادي، تتطرق الى مراعاة المصالح العليا لأمة معينة ضمن حدود جغرافية معينة، والدولة هي مجموعة من الناس يتعايشون فيما بينهم على ارض مشتركة بالخصائص القومية والدينية والاجتماعية والايديولوجية ، وهم محميون من الهجمات الداخلية والخارجية من خلال حماية وايواء السلطة الحاكمة. ويعد هذا البحث المعنون ب (الفكر القومي ووهم الدولة في المعادلة المعرفية الكوردية) محاولة لعرض أهمية الفكر القومي ووهم الدولة في شعر بعض الشعراء حسب مراحل الشعر الكردي.

يتكون البحث من فصلين مع النتائج وقائمة المصادر وملخص البحث باللغتين العربية والإنكليزية. الفصل الأول يتكون من مبحثين: المبحث الأول يتناول مفهوم الدولة وتعريفها ، اما المبحث الثاني يتناول مفهوم القومية وتعريفها ، أما الجزء الثاني والأخير فيتناول بشكل تطبيقي مفهوم القومية مباديء وهم الدولة في شعر الشعراء الكورد.و في خاتمة البحث تم تشخيص النتائج في عدة نقاط وتم ترتيب قائمة المصادر.

مفتاح الكلمات- الامة – القومية - الدولة

-پێشەكی:

ناسیۆنالیزم سیستەمێكی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوورییە ، تایبەتمەندە بە لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندییە باڵاكانی نەتەوەیەكی دیاریكراو لە سنوریكی جوگرافی دیاریكراودا، هەروەها دەوڵەتیش كۆمەڵە خەڵكێكن لە نیشتمانێكی دیاریكراودا نیشتەجێن و خاوەنی حكومەتێكن كە سەرقاڵی ڕاپەڕاندنی كاروباری دامودەزگاكان و جێبەجێكردنی یاساكانە ، خەڵك بە هۆی ئەو دەوڵەتەوە خاوەنی سەروەری نیشتمانین ، كە لە ڕێگەی جەوهەری حوكم و دەسەڵاتێكی باڵاوە لە هێرشی ناوخۆیی و دەرەكی پارێزراون . ئەم لێكۆڵینەوەیە ' كە بە ناونیشانی (بیری نەتەوەیی و وەهمی دەوڵەت لە هاوكێشەی مەعریفی كورددا) هەوڵێكە بۆ خستنەڕوو گرنگی بیری

نەتەوەیی وکەڵکەڵەی دەوڵەت لە شیعری بەشێک لە شاعیران بەپێی قۆناغەکانی شیعری کوردی. کلیلە وشە- نەتەوە – نەتەوایەتی – دەوڵەت

- هۆی هەڵبژاردن بابەتەکە:

دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی بیری نەتەوەیی و وەهمی دەوڵەت لە پێکهاتەی هونەر بەگشتی و ئەدەب بەتایبەتی ،هەروەها بیری نەتەوەیی و دەوڵەت پانتاییەکی فراوانی لە دیوانی شیعری زۆربەی شاعیرانی کورد داگیرکردووە.

-رێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیرەوی رێبازی وەسفی شیکاریمان کردووە.

-ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوە لەدوو بەش پێکهاتووە لەگەڵ ئەنجام ولیستی سەرچاوەکان و پوختەی باس بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی . بەشی یەکەم لە دوو تەوەر پێکهاتووە لە تەوەری یەکەمدا باسی چەمک و پێناسەی دەوڵەتمان کردووە و لە تەوەری دووەمدا باسی چەمک و پێناسەی نەتەوەیمان کردووە. بەشی دووەم و کۆتایی لە یەک تەوەر پێکاتووە و بە شێوەیەکی پراکتیکی ڕەنگدانەوەی نەتەوەیی و دەوڵەت لە شیعری شاعیران کردووە. کۆتاییشدا ئەنجامەکان بە چەند خاڵێک دەستنیشان کراون لەگەڵ لیستی سەرچاوەکانش بەشێوەی ریزبەندی ڕیزکراون.

بەشی یەکەم

پاری یەکەم

دەوڵەت لە هاوکێشەی مەعریفی کوریدا

کە باس لە هەر چەمکێک دەکەین دەبێت بگەڕێنەوە بۆ بناغەی وشەکەو مێژووی بەکارهێنانی، کە بۆ یەکەم جار کێ بەکاری هێناوە و بۆ چی مەبەستێک بەکارهێنراوە . دیارە وشەی دەوڵەتیش یەکێکە لەو چەمکانەی کە مێژوویەکی کۆنی نییە ، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شازدەهەم لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وشەیە لە سەدەی چواردەمەوە لە نووسینە جۆراوجۆرە ئەوروپییەکانەوە بەر چاو دەکەوێت . هەر وەک چۆن لە ئینسوکلوپیدیای بەریتانیاش ئاماژەیان پێ کردووە و هاتووە کە وشەی دەوڵەت (state) ((بۆ کۆمەڵگایەکی رێکخراو بەکاردێت ، لە ڕووی سیاسیەوە نۆێیە ، بۆ یەکەم جار لە سەدەی شازدەهەم دا بڵاوبووەوە و یەکەمین کەسیش تیۆرناسی ئیتاڵی نیکۆلۆماکیاڤیللی لە کتێبی (prince) دا بەکاری هێنا )) (عەبدوڵڵا ، ٢٠١٠، ٥٢)،واتە دوای ئەمە تاڕادەیەک ئەم وشەیە جێگیرکرا. ئەگەر چی پێشتر وشەی دەوڵەت بۆ چەمکی جیا جیا بەکاردەهێنرا ، بەڵام ورده وەرده گەشەی کرد تا ئەوەی وشەکە بە تەواوی گەشەی کردو مانای ئێستای وەرکرد. بەو واتایەی دەوڵەت بریتییە: ((لە کۆمەڵێک خەڵک، کە لە نیشتمانێکی دیاریکراودا نیشتەجێن و خاوەنی حکومەتێکن کە سەرقاڵی ڕاپەڕاندنی کاروباری دامودەزگاکان و جێبەجێکردنی یاساکانە ، خەڵک بە هۆی ئە دەوڵەتەوە خاوەنی

سەروەری نیشتمانین ، کە لە رێگەی جەوهەری حاکم و دەسەڵاتی باڵاوە لە هێرشی ناوخۆیی و دەرەکی پارێزراون )) (فەلاح ، ٢٠١٩، --- ) واتە کۆمەڵێک مەرج نییە یەک نەتەوەش بن خاوەنی حکومەتن و کاروباری تاکەکانی ئەو دەوڵەتە جێبەجێ دەکەن و دەیانپارێزن لە هەر هێرشێکی دوژمنان بۆ سەر دەوڵەتەکەیان هەر سەبارەت بە وشەی دەوڵەت هەندێک لە پسپۆرانی ئەم بوارە بە مانای پارەو دەوڵەمەندیش دێت ، لای پێشینانی ئەم زاراوەیە بۆ چەمکی بەریوەردنش بەکارهاتووە . ( جۆرج . ە سابابن ) ش سەبارەت بە زاراوەی دەوڵەت ڕاوبۆچوونی خۆی خستۆتە ڕوو و پێی وایە (( زاراوەی دەوڵەت وەک ناوێک بۆ قەوارەیەکی سیاسی خاوەن سەروەری لە زمانە نوێکاندا لە رێگای نووسینەکانی مەکیاڤیللییەوە نەبووایە بڵاونەدەبووەوە ))( عەتەوی :و: گالب و ئەحمەد،٢٠٠٣، ٥٥)،واتە جۆرج یەکەم کەسە باسی زاراوەی دەوڵەتی کردووە ، کەس پێش ئەم باسی نەکردووە . ئەگەر باسشی کرابێت بۆ واتاو مەبەستی تر بەکارهاتووە

.وشەی دەوڵەت لە زۆربەی فەرهەنگەکانی زمانە جیاوازەکاندا وەک یەک باس وشەکەیان کردووە . فەرهەنگی (لاروس ) وشەی ( الدولە ) لە شەردا سەرکەوتن هەر جارێک بۆ لایەنێک ، جارێکی تر بۆ لایەنێکی دیکەیە لە وڵاتە . واتە : ملکەچبوونی دانشتوان بۆ نیزامی بەڕێوەبردن و سیاسی و ئابووری تایبەت )) (البحر ،١٩٧٣ ، ٥٤٧)

هەروەها لە فەرهەنگی ( دەریا )شدا وشەی (دولە) بە مانای (دەوڵەت – میری – وڵات – ڕووداوەکانی رۆژگار دێت )) (کریم ، ٢٠٠٥، ٢٨٧) واتە وشەی دەوڵەت لە زۆربەی زۆری فەرهەنگەکاندا واتاکانیان لە یەکەوە نزیکن و بۆ یەک مەبەست بەکاردێت

سەبارەت بە پێناسەی دەوڵەت وەک زۆربەی زۆری چەمکەکان ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە لەلایەن بیرمەندان و فەیلەسوفانی ئەم بوارەوە بۆ پێناسەکردنی ئەم چەمکە هەر یەکەیان بە پێی بوارو پسپۆری خۆیان پێناسەیان کردووە . سەرەڕای ئەمەش بەپێی سەردەم و قۆناغەکانش چەمکی دەوڵەت گۆڕانی بەسەرهاتووە . بۆیە ئەمە وادەکات کە پێناسەکان جیاواز بێت، بەڵام لەگەڵ ئەو جیاوازیەش هاوشێوەیی و لێکچوون لە پێناسەکاندا بەدی دەکرێت ، چونکە هەموویان لەسەر ئەوە رێکن، کە دەوڵەت کۆمەڵە خەڵکێکە لەسەر پارچە زەوییەک دەژین و بەپێی دەسەڵاتێکی یاییەتی بەرێوەدەچن. لەوانەی پێناسەیان بۆ دەوڵەت کردووە ( ئەفلاتوون ) پێی وایەو دەڵێت : (( دەوڵەت سازمانێکی ئابووری تەاواوە لە ئەنجامی پێویستیەکانی مرۆڤ پەیدابووەو لەسەر بنچینەی ڕەوشی دابەشبوونی کار بۆ دابین کردنی پێویستییەکان دروست بووە)) ( گەردی و مەعروف ، ------ ٤٤، ) واتە بەلای ئەفلاتوونەوە لایەنی ئابووری هۆکارێکی گرنگە بۆ دروستبوونی دەوڵەت لەلایەن کۆمەڵی خەڵکەوە.

ئەرەستۆش هاوڕایە لەگەڵ ئەفلاتوون سەبارەت بە دروستبوونی دەوڵەت . ئەمیش جەخت لەسەر ئابووری بەهێز دەکاتەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و دەڵێت : (( هەر دەوڵەتێک کۆمەڵێکە،هەر کۆمەڵەش بەدوای بەرژەوەندی خۆیدا دەگەڕێت ، کەواتە هەمووان شتەکان وادەبینن کە خێرو چاکەیان تێدایە ..... ئاشکرایە هەموو کۆمەڵەکان ئامانجیان خێروچاکەیەو لە هەموویان مەترسیدارتر ئەوەیانە کە بە دوای زۆرترین خێروچاکەدا وێڵە بەم کۆمەڵە دەگوترێت دەوڵەت یان کۆمەڵی مەدەنی )) (عەتەوی ،٢٠٠٣ ، ٦٣) ئاماژەش بەوە دەکات کە ئەو دەوڵەتە لە ئەستۆی کۆمەڵە خەڵکێکە کە باری ئابووری و خێروچاکە دەیانبەستێتەوە بە کۆمەڵانی دەرەوەی خۆیان، بەڵام لای (بۆناردی ) فەرەنسی دەڵێت:(( دەوڵەت یەکەیەکی یاسیی هەمیشەییە، دەزگایەکی کۆمەڵایەتی خاوەن دەسەڵاتە لە بەرامبەر نەتەوەیەکی سەقامگرتوودا لەسەر هەرێمێک. ئەو دەزگایە دەسەڵات بەرێوە دەبات بەو

ئامێرانەی لەسەر ئارەزووی خۆی وەستان و لە ڕێگای ئەو هێزە مادییانەوە، کە خۆی فۆرمی کردوون )) ( عصفور ،١٩٥٤، ٢٢٢) بۆناردی دەسەڵاتیش وەک هێزێکی سەرەکی دەوڵەت دادەنات، چونکە هێزی ماددی بەرهەم دەهێنێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی . هێزی ماددیش هێزی بەرهەمهێنانی ئابووری و هێزی چەکداریشە. لە ئەنجامدا دەسەڵات خۆی دەسەپێنێ و لەڕووی مەترسییەکانی دەوروبەروو دەوەستێتەوە . بۆیە ( سالمۆند) ش جەخت لەسەر هێز دەکاتەوە و دەیکاتە بنەمایی دابینکردنی دادپەروەری و ئاشی و ژیانێکی تەبایی و دەڵێت: (( دەوڵەت کۆمەڵێک تاکەکەسە لەسەر هەرێمێکی تایبەتی سەقامیان گرتووە بۆ دابینکردنی ئاشتی و ڕاستی خوازی لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزەوە )) ( عصفور ، ١٩٥٤، ٢٢٢)

هەروەها ( کاری دی مالبیرج ) ی فەرەنیسش پێناسەی دەوڵەت دەکات و دەڵێت : (( کۆمەڵە مرۆڤێکە لەسەر هەرێمێک جێگرن و لەژێر نیزامێکی تایبەتدان ، کۆمەڵێکی دیار دەسەڵات وەردەگرن ، لە سەریانە چێژ لە فەرمان و نەریتەکان وەربگیرێ)) ( الدجانی ،٢٠٠٠، ٢١٥) واتە جوگرافیاو هەرێم ڕەگەزێکی گرنگە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و فەرمانڕەوایش کۆمەڵێ کەس پیلدەی دەکەن و گەلیش پێویستە سوود لە بڕیارەکان وەربگرن.

هەر سەبارەت بە پێناسەکردنی دەوڵەت وەک ئاماژەمان پێ کرد، کە چەندین ڕەگەز ڕۆڵ دەبینێت لە دروستکردن و دامەزراندنی وەک نەتەوە و هەرێم و حکومەت و سەروەری هتد ...... چونکە ((دەوڵەت کیانێکی سیاسی و یاسایی ڕێکوپێکە ، نوێنەرایەتی کۆمەڵێک مرۆڤ دەکات ، کە لەسەر زەوییەکی دیاریکراو دا دەژین ملکەچی ڕێکخستنێکی سیاسی و یاسایی و جڤاتی دیارن ، کە دەسەڵاتێکی باڵا لەسەریان جێبەجێ دەکات . دەوڵەت پێک دێت لە چوارڕەگەزی بناغەیی وەک : گەل . (نەتەوە people ( ، هەرێم (نیشتمان . Territory(حکومەت government و سەروەری)) (Sovereignty عەبدوڵڵا، ٢٠١٠ ، ٥٧). هەروەها ( دانیال دیڤۆش) لە پێناسەی دەوڵەتدا دەڵێت : (( کۆمەڵە مرۆڤێکە جێگرن لە هەرێمێکی دیاردا ملکەچن بۆ دەسەڵاتی خاوەن سەروەری ، کە راسپێردراون بەوەی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ فەراهەم بکەن ، پابەندن بە پرنسیپە یاساییەکانەوە ))( عەبدوڵڵا،٥٦،٢٠١٠) دیڤۆش بەهەمان شێوە رَِەگەزەکانی دەوڵەتی دەستنیشان کردووە وەک کۆمەڵ و هەرێم و حکومەت و سەروەری. دەبێت لە پێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی تێبگۆشن و تاکەکانی دەوڵەتیش پەیرە و مەلکەچی فەرمانەکانی دەوڵەت بن.

بەڵام هەندێ لە پسپۆران دامەزراندنی دەوڵەت بە هەندێ بابەتی تر ەوە دەبەستنەوە بۆ نموونە ( رانزل ) بە فەلسەفەی تایبەتی دەبەستێتەوە و دەڵێت : (( دەوڵەت دەورووبەرێکە لە زەوی ، کۆمەڵێک مرۆڤ لە سەری نشتەجێن ، یەکێتییەک کۆیان دەکاتەوە ، بۆچوون و هەستی تایبەت و فەلسەفەو بیری دیاری کراویان هەیە )) ( عامر ،-----، ٧٩)

(پرستون جیمس ) لە ڕوانگەی ئامانجەوە دەڕوانێتە دامەزراندنی دەوڵەت و هەموو ڕەگەزو بنەماکانی تری دروستبوونی دەوڵەت لە ڕوانگەی ئامانجەوە کۆیان دەکاتەوە و دەڵێت : (( دەوڵەت بریتییە لە کۆمەڵە ئامانجێکی دیاریکراو ، کە زۆربەی دانشتوانی سەر بە دەوڵەت جێبەجێی دەکەن . ئەم ئامانجانە لە کۆمەڵە دابونەریت و شارەزاییەکی هاوبەش خۆیان دەنوێنن )) ( ابراهیم ،١٩٩٠ ، ٢٦١ ) واتا دابونەریت و و زمان و دەسەڵات و ......هتد ڕۆڵ دەبینن لە دامەزراندن و دروستبوونی دەوڵەتدا. ئەگەر پێناسەکەی نەورەس رەشیدش وەربگرین یەکێکە لە گونجاوترین ئەو پێناسانەی لە ڕووی سیاسیەوە پێناسەی دەوڵەت کردووە و دەڵێت: (( دەوڵەت

دیاردەیەکی سیاسی و یاساییە کە پەیوەند بە کۆمەڵێک مرۆڤ ، بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە ناوچەیەکی سنورداردا نیشتەجێن و ملکەچی سیستەمێکی سیاسین )) (رەشید ، ٢٠٠٤، ١٥)) واتە هەم ئەو ڕەگەزانەی دەستنیشان کردووە کە لە پێناسەکانی پێشەوە ئاماژەمان پێ کرد ، هەم لە ڕووی سیاسیەوە تەماشای دەوڵەت دەکات ، چونکە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت نەتەوە و وڵات پێویستی بە نوخبەیەکی سیاسی و رۆشنبیر هەیە ، کە نوخبەیەکی نیشتمانی بن و باوەڕی تواویان بە ڕیساو بنەماکانی دیموکراسی هەبێت .

بە پێی بۆچوونی دکتۆر ( محسن خلیل ) دەوڵەت: (( کۆمەڵە کەسێکە بەردەوام و جێگرن لەسەر هەرێمێکی جوگرافی دیار ملکەچن بۆ رێکخستنی کارەکانیان بۆ دەسەڵاتی سیاسی ، لە بنەڕتدا ئەو کەسانەی دەوڵەت بەڕێوەدەبەن سەربەخۆن )) ( عەبدوڵلا ،٥٦،٢٠١٠ ) بە ڕای د.محسن دەوڵەت کۆمەڵە کەسێک بەڕێوەی دەبن دەبێت لە بڕیارەکانیان سەربەخۆ بن و تاکەکانی دەوڵەتیش مەلکەچی فەرمانەکانیان بن.

کۆی ئەم پێناسانە ڕاوبۆچوونی ئەو بیرمەندو فەیلەسووفانەیە ، کە دەربارەی دەوڵەت دوواون و هەریەکەیان بە پێی بۆچوون و دیدی خۆیان دەیبەستنەوە بە بوارێکەوە وەک ئابووری و سیاسی و چەند ڕەگەزێکیان بۆ دروستبوون و دامەزراندنی دەوڵەت دەستنیشان کردووە وەک گەل و حکومەت و هەرێم و سنووری جوگرافی و سەروەری.

دەوڵەتش کاتێک دروست دەبێت . بێگومان لە پێناو کۆمەڵێ ئەرک و ئامانجدا دروست دەبێت و ببێتە هۆی بەدیهێنانی مافەڕەواکانی تاکەکانی کۆمەڵ و پارێزگاریکردن لە ماف و دەسکەوتەکانیان ،چونکە (( ئامانجی دەوڵەت پێکهێنانی جۆرێکی تازەو کامڵتری شارستانی و رێکخستنی ئەم شارستانیەتەیە و هەروەها ڕەوشتی جەماوەری بەرینی ، کە لەگەڵ پێویستییەکانی کامڵبوونی بەردەوامی دەزگای بەرهەمهێنانی ئابووری کۆمەڵگادا ، هەر بۆیە تەنانەت خولقاندنی ئەو مرۆڤایەتیەی ، کە بنیاتێکی فیزیکی تازەی هەیە لە دەستووری کاری دەوڵەتدایە )) (گرامشی-و. رۆژە ، ٢٠٠٤، ١٧)

درککردن بە دروستبوون و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی خەونی لە مێژینەی هەموو تاکێکی کورد بووە . هەر لە دێر زەمانەوە ئەم هەستەش سەرەتا وەک زۆربەی گەلان لای کوردیشدا لە رێگەی خوێندەواران و رۆشنبیران و شاعیرانەوە چەکەرەی کردووە .

دیارە لەو سەردەمەدا شاعیران و ئەدیبانی کورد وەک رۆشنبیرو دونیابینی سەردەم هەوڵ و تەقەلای خۆیان لە پێناو ئەو بوارە خستۆتەگەڕ لە رێگەی نوکی خامەکانیانەوە. ئەوەی مەبەستیش بێت لای ئێمە ئەوەیە وەک ئاماژەمان پێ کرد شاعیرانی کورد هەستیان بەوە کردووە ، کە نەتەوەی کوردیش وەک نەتەوەکانی ئەم جیهانە دەبێت خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بن . چونکە هەموو ئەو ڕەگەزانەی دەبێتە هۆی دروستبوونی دەولەت ئەوەلای نەتەوەی کورد بوونی هەیە . بۆیە زۆربەی زۆری شاعیرانی کورد ئاواتەخوازبوونە نەتەوەی کوردیش ببێتە خاوەنی کیان و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان . ئەمەش لە شیعرەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە چەندین جار ناوی دەولەت و ڕەگەز و پێکهاتەی دەوڵەت لە شیعرەکانیاندا بەرجەستەبووە . بۆیە ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین و بەپێی قۆناغەکانی شیعری کوردی پۆلینی شاعیرانی کورد بکەین ، کە لە شیعرەکانیان دا ئاماژەیان بۆ دەوڵەت کردووە.بنەما مەعریفەکان لە دیدی شاعیرانی کورد بۆ مەسەلەی دەوڵەت بریتین لە زمان و شوناس – خاک- ئاڵا – ئابووری سەربەخۆ- هێزو چەک – یەکگرتوویی نەتەوەیی .

بەشی یەکەم

پاری دووەم

بیری نەتەوەیی لە هاوکێشەی مەعریفی کورددا.

سەبارەت بە چەمک و پێناسەی نەتەوەیی و نەتەوایەتی دیارە لە تەوەرەکانی پێشوو ئاماژەمان پێ کردووە، کە نەتەوایەتی لەو ڕۆژەوەی مرۆڤایەتی لەسەر ئەم گەردوونە دروستبووە نەتەوایەتی دەست پێ دەکات ، چونکە ئەم جیهانە لە کۆمەڵێ تاقم و گروپ و کۆمەڵ دروستبووە و هەر گروپ و تاقمێک خاوەنی تایبەتمەندی و هەستی نەتەوەیی خۆیەتی ، کە جیای دەکاتەوە لە تاقم و گروپێکی تر .بۆیە خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموویچێت ((وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ )) ( قورئانی پیرۆز،الروم،٢٢) بۆیە بە پێی ئەم ئایەتە پیرۆزە بێت ئێمەی مرۆڤ لەگەڵ لەدایکبوونماندا بە کۆمەڵێک جیاوازییەوە لەدایکبووینە . ئەم جیاوازیەش لە نێوان تاکەکاندا هەیە . وا دەکات کە هەر گروپ و تاقم و تاکێک هەستی جیاوازی هەبێت . جا هەستی نەتەوایەتی یان خۆشەوبستی یان مرۆڤایەتی یان نیشتمانپەروەری بێت . هەروەها بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین ئەو بیروبۆچوونانەی سەبارەت بە نەتەوەیی هەیە بەسەر دوو بەرەدا دابەشی بکەین ، چونکە بەشێک نووسەران پێیان وایە کە (( هەستی نەتەوایەتی دیاردەیەکی سروشتیەو پەیوەستە بە مرۆڤەوە ، هەر لەو سەردەمانەی کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دروستبووە ئەو هەستەش لە ناخیدا گەورە بووە )) (فاتح ،٢٠١٢،٤٠) واتە هەستی نەتەوایەتی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بیری مرۆڤەوە هەیەدیارە لەگەڵ تەمەن و گەشەی بیری مرۆڤش ئەم هەستە گەشە دەکات . بۆیە دەتوانین بڵێین هەستی نەتەوایەتی مێژوویەکی دووردرێژی هەیە و دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤ ، لەگەڵ سەردەم و قۆناغەکانی پێشکەوتنی مرۆڤش لە کارو کردەوەکانی ڕۆژانەیدا ڕەنگیداوەتەوەو هۆکارێکش بووە بۆ مانەوە و پاراستنی کۆمەڵگاکان و شوناسی تایبەتیان.

بەڵام بەشەکەی تر پێیان وایە هەستی نەتەوایەتی مێژووی دروستبوونی بۆ سەردەمێکی دیاریکراو دەگەڕێتەوە . هەر کۆمەڵگایەک بە پێی هەستی خۆیان سوودیان لێ وەرگرتووە و لە نێوانیاندا ڕەنگیداوەتەوە . بۆیە دەڵێین : (( ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی بەرهەمهێنراوی هزری مرۆڤەو مێژووی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا ئەوەش لە ئەنجامی هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی لە ماوەی نێوان (١٤٥٧ – ١٨٧٥ ) دا ڕوویانداو کۆمەڵێک گۆڕانکارەی ڕیشەیی لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی هێنایە کایەوە ، ئەو دیاردەش لە ناوچە جیاجاکانی جیهان بووبە خواستی مرۆڤەکان و هەر کۆمەڵ و کۆمەڵگایەک بە جۆرو شێچوازێک لە رووخسارێک و میکانیزمی شیاو بە کات وشوێنی خۆی بووە هەڵگری ئەو بیرۆکەیە و لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی بنەماکانی وکشتاندنی ئەنجامەکانی بوو)) (سەعید ،٢٠٠٣ ، ٤٧) واتە بە پێی بۆچوونی ئەم نووسەرانە بێت ناسیۆنالیزم سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا . کاتێک هەستیان بە زوڵم و ستەم کردووە. بەشێوەیەکی جوان و ڕێکوپێک ئەوروپایان بەڕێوەنەبردووە. لە ئەنجامی ئەمانەدا بووەتە هۆی سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی. بەمەش بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە مێژوویەکی دیاریکراو بۆ هەستی نەتەوایەتی نییە، چونکە هەر یەک لەم بۆچوونانە ئاماژە بۆ سەردەم و مێژوویەک و دیاردەیەک و کۆمەڵگایەک دەکات. بۆیە ناسیۆنالیزمی هەر نەتەوەیەک جیاوازە لە نەتەوەو کۆمەڵگایەکی تر، چونکە هەر نەتەوەیەک لە ئەنجامی کۆمەڵە فاکتەرێکی جیاواز سەرهەڵدەدات و بەرەوپێش دەچێت و گەشە دەکات . بۆیە (شیفر) ش دەڵێت: (( ناسیۆنالیزمی

هەر نەتەوەیەک دەبێتە سیمبولێکی فیکری بۆ گوزارشت کردن لە خودی نەتەوەکەبە جۆرێک، کە بەرگێکی جیاواز لە ئەوانی تر دەپۆشێت و بە ڕەنگێکی جیاوازترش لە ڕەنگی ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی تر خۆی دەنوێنیت ))(رەسول ، ٢٠٠٤ ،٢٤)بۆچوونی (شیفر)ش جەخت دەکاتەوە کە ناسیۆنالیزم لە هەر نەتەوەو کۆمەڵگایەک جیاوازە لەنەتەوەو کۆمەڵگایەکی ترو هەرگیز وەک یەک نابن، چونکە هەر یەکەیان ژینگەیەک و سنوورێکی جوگرافیی و لە ئەنجامی کۆمەڵێ فاکتەر سەریهەڵداوە کە جیاوازە لە ژینگەیەکی تر و سنووری جوگرافیایەکی تر . ئیسنکلۆپیدیایی ( دائره المعارف) ی ئەمریکیش سەبارەت بە ناسیۆنالیزم دەڵێت : (( لە چەمکە سەرەکییەکانی ناسیۆنالیز:م بریتییە لە وەفاداری و خۆشەویستی سەبارەت بە گەل زیاتر لە هەر شتێکی تر ، لە دروشمەکانی دیکەی ناسیۆنالیزم ( القوميه ) شانازیکردنە بە بەرهەمە نەتەوایەتییەکانەوە، وە بڕوابوونێکی قوول بە لێهاتووی نەتەوە و تەنانەت بەرزی و گەورەی بە سەر گەلانی دیکەدا )) (باپیر ،١٩٩٨، ٧٦) واتە نەتەوەیی خۆشەویستییە بۆ گەل و شانازیکردنە بە هەموو ئەو دەستکەوتنانەی کە نەتەوە بەدەستی دەهێنێت بەرامبەر بە نەتەوەکانی تر .لە لایەکی تریش هاتووە ناسیۆنالیزم ((گوزارشتێکی سیاسییە مەبەست لێی ئەوەیە تاکەکان هەست بکەن سەر بە یەک نەتەوەن، ئەمەش بەمانای ئەوەی کە دۆستایەتییان بۆ یەک نەتەوە هەبێت و شانازی بە رۆشنبیری و مێژووی ئەو نەتەوەبکەن لە زۆربەی کاتەکاندا،واتە حەزکردن بە سەربەخۆیی نیشتمان )) (مێگفی ،٢٠١١، ٢٠٥)،ئەگەر ئاماژە بە هەستی نەتەوەیی لە ئەدەبیاتی کوردی بکەین ، بە هەمان شێوەی ئەدەبیاتی جیهان ڕاوبۆچوونی جیاوازی هەیە دەربارەی سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی . چونکە هەر نووسەرێک لە دیدو بۆچوونی خۆیەوە لە ئەنجامی کۆمەڵێ سەرچاوە بۆچوونەکانی خستۆتەڕوو . لە ئەنجامدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە نەتەوەی کوردیش خاوەنی مێژوویەکی کۆنە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ نەتەوەکانی تردا . سەرچاوەکان و دیدو بۆچوونەکانیش ئەوە دەردەخەن سەرەتاکانی سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی لای کورد و ڕەنگدانەوەی بە شێوەیەکی زەق دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میر و میرنشینەکان کاتێک دەسەڵاتدارو حکومی ئەو ناوچانەیان بەڕێوەبردووە .

بۆیە دەتوانین بڵێین سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی لە لای هەموو نەتەوەیەک، بە تایبەتی لای نەتەوەی کورد کاتێک سەریهەڵداوە و گەشەدەکات نەبوونی دەوڵەت و کیانێکی سەربەخۆیە بە خۆی و هەردەمیش لە لایەن نەتەوەکانی دەوروبەری دژایەتی کراوە و ژێردەستەبووە. ئەمانە هۆکاربوونە بۆ سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی خەونی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لە نێو نەتەوەی کوردیدا، بەڵام چەندین ڕاوبۆچوون هەن سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی .هەندێک پێیان وایە ((میر بەدرخان یەکەمین کەسە کە مەوادو ڕەهەندی نەتەوەیی بنیات نابێت و وەک باوکی ناسیۆنالیزمی کورد لە مێژوودا جێی خۆی گرتووە )) ( کۆچێر- و. عارف ، ٢٠٠٦، ٦٣) ئەمە ئەوە دەگەیەنیت کە میر بەدرخان ئەگەر چی بە شێوەیەکی سادەو ساکار و سەرەتاییش بێت ڕۆڵی هەبووە لە سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی لە نێو کورددا ، هەروەها شاعیرانیش ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە لە ڕێگای شیعرەکانیانەوە بە سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی . بۆ نموونە شاعیری گەورەی کورد ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ – ١٧٠٧ ) و دواتریش (حاجی قادری کۆیی (١٨١٧ – ١٨٩٧ ) و شێخ ڕەزای تاڵەبانی ( ١٨٣٧ – ١٩٠٩ ) هتد بە شیعرەکانیان خزمەتێکی بەرچاویان کردووە لە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی هەستی نەتەوەیی لە تاکی کورد .بۆیە ئەگەر وردبینەوە لە شیعری شاعیرانی کورد ئەوە بە ڕوونی دەبینین کە لە هەموو قۆناغەکانی شیعری و ئەدەبیاتی کوردی و لە لای زۆربەی شاعیرانی کورد ، ئەوە هەستە بە ڕوونی دەردەکەوێت بۆیە بە پێی توانا و لە قۆناغەکانی شیعری کوردی ئاماژە بە شیعری شاعیران دەکەین ، کە هەستی

نەتەوەیی لە شیعرەکانیان دا بەرجەستەبووە لە پێناو سەرخستن و ئاواتی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی هەستی نەتەوەیی خۆیان دەربڕیوە . لە پێناوی حەزی دروستبوونی دەوڵەت ، بۆ دیاریکردن و پیشاندانی هەوڵی شاعیرانی کورد دەکرێت لە شاعیرانی کلاسیکی کوردییەوە دەستپێ بەکەین ، بۆ نموونە

-نالی(١٨٠٠- ١٩٧٧)

نالی شاعیر سەرەڕای ئەوەی هەستی ئایینی وەک شاعیرانی تری کلاسیک زاڵ بووە، بەڵام نەتەوە و نیشتمان و هەستی کوردایەتیشی فەرامۆش نەکردووە و لە چەندین دەقی شیعریدا رەنگی داوەتەوە . بۆ نموونە کاتێک دەڵێت:

تەبعی شەککەر باری من، کوردی ئەگەر ئینشا ئەکا

ئیمتحانی خۆیە مقسودی لە عەمدەن وا دەکا

یا لە مەیدانی فەساحەتدا بە میسلی شەهسەوار

بێ تەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕادەکا (دەقی دیوانی نالی،١٣٩٢، ٢٩)

جگە لەوەی لەم دەقەدا نالی شانازی بە زمان و شوناسی خۆیەوە دەکات ، کە ئەمەش بۆ خۆی یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە دیارەکانی مەعریفەی تاکی کورد بۆ بەرگریکردن و پارێزگاریکردن لە بوون و شوناسی خۆی و دیاریکردنی یەکەم بنەمای دروستبوونی دەوڵەت لە کات و شوێنەکەدا، کە ئەویش بوونی زمان و پاراستنیەتی لە ناوچوون . یاخود دەشێت نالی لە دووری نیشتمان ئاگری دەروونی جۆش دەخوات تا هەستی نیشتمانی لە دەروونیدا زیاتر چەکەرە دەکات کاتێ دەڵێت:

مورادم زیللەت و پاڕانەوەی حاڵە، نەوەک نەعتە

بە چەن بەیتێکی کوردانە، کە قورئانت سەناخوانە

ئەگەر چی کوردی دەوری شارەزووری قەسوەتم،ئەمما

وەسیلەم تەیبە و حیلمی شەفیع و فەزلی مەننانە (دەقی دیوانی نالی،١٣٩٢، ١٦٥)

ئاوارەیی و غەریبی هەست و سۆزی نیشتمانپەروەری لەلای نالی زیاتر بەرپاکردووە. واتا نیشتمان و نەتەوە هەوێنی دروستبوونی ئەم دەقە شیعریەن، وێنە و یادی شارەزوور و زێدی خۆی گەواهی دەری ئەو ڕاستیەن کە نالی ئەگەر چی بە لاشە دوورە لە نیشتمان، بەڵام خەم و حەسرەتی نەتەوە و نیشتمان ئۆقرەی لێ هەڵگرتووە.

-سالم (١٨٠٠- ١٨٦٦)

یەکێکی تر لەو شاعیرانەی خەمی خاک و نەتەوە و وڵات وای لێکردووە لە شیعرەکانیدا بە ڕوونی ڕەنگبداتەوە هەستی نەتەوایەتی خۆی دەربیرێت بۆ نموونە دەڵێت:

شارێکی پڕ لە زوڵم و، مەکانێکی پڕ لە شین

جێیەکە پڕ لە شۆڕ و، وڵاتێکی پڕ شەڕ

تو خوا بڵی بە حەزرەتی نالی دەخیلی بم

بەم نەوعە، قەت نەکا بە سولیمانییا گوزەر (دیوانی سالم،٢٠١٥، ٣٤٠)

هەستی نیشتمانی و خەمی نەتەوە و خاک سالم ئاوارە و هەناسە ساردی وڵاتی بێگانە دەکات، کە ئەمە بۆ خۆی ڕەتکردنەوەی ئەو واقیعە تاڵەی نیشتمانە لە ژێر چەپۆکی داگیرکەراندا. بۆیە بە سۆزەوە باس لە زوڵم و زۆری سەر شارو زیدی خۆی دەکات و پێی وایە لە ژێر چەپۆکی دوژمندا ئەم شاری (سلێمانییە ) پڕ لە ستەم وشینە. ڕەنگە ئەمە کەمترین ئاستی هوشیاری مەعریفەی نەتەوەیی بێت، بەڵام دەربڕین و ئاشکراکردنی ئەو زوڵم و زۆرو داگیرکارییە بۆ خۆی سەلمێنەری ئەو ڕاستیە کە سالم نەک هەر خۆی ئەیەوێ گەلیش لەو داگیرکارییە هوشیار بکاتەوە. بۆیە بە دەروونێکی نالەبارەوە لەو چامەیی بۆ نالی دەنێرێ و دەڵێت:

میحنەت ئەوەندە زۆرە دڵم هێندە تەنگ بووە

دروودی هەناسەیی سەحەرم هەوری گرتە بەر

هیمەت کە چا بووکانە بە ئیجرایی مەگلەبم

لەمسەر برۆ وەکو بەرید و لەوێ بێ وەکو تەتەر

بۆ موڵکی شامە نامەیی من سویی نالی یە

هەر حەرفی ئەو لە وەضعی ویلایەت دەدا خەبەر (دیوانی سالم ،٢٠١٥، ٣٣٢-٣٣٣)

شاعیر خەمی نیشتمان و نەتەوە هێندە حاڵەتێکی دەروونی خراپی بەسەر هێناوە وێنەیەکی لێکچواندنی جوانی لە نێوان هەناسەی خۆی و دووکەڵ دروستکردووە. کاتێک بەری ئاسمانی نیشتمانی گرتووە.

سالم هەر لە وەڵامی چامەکەی نالیدا کاتێک پرسیاری گردی سەیوانی لێدەکات و دەنووسێ و دەڵێت:

سەیوان پڕە لە شەخێی ستەم دیدە خواروژوور

هەر قەبری پڕ غەمانە لە هەر لا دەکەم نەظەر

جێی تورکەکانی ڕۆمە دەر و ژووری خانەقا

غافڵ هەموو لە جایی موریدانی با خەبەر

ئەو حەوچە پڕ دەبوو کە وەکو چاوەکانی تۆ

تەغییرە ئاوی وەک دڵی مەردانی پڕ کە دەر (دیوانی سالم،٢٠١٥، ٣٣٥)

ئەمە ئاستی هوشیاری و درک پێکردنی سالمی شاعیرە بۆ حاڵی پڕ لە مەینەتی زێدوو نیشتمانی خۆی وەک دەڵێت سەیوان سەوزایی نەماوە و هەوری بووەتە گۆڕی ئەو کەسانەی لە داخی رۆژگار مردوون، هەروەها ئەوە رادەگەیەنێت کە دەرو ژووری خانەقا پڕە لە جەندرمەکانی تورک، کە هەموویان لە زیکرو خواناسیدا بێ ئاگان، وەک ئاماژەیەک بۆ دڵڕەقی و زوڵم و ستەم و نادادی ئەوان

سالم لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

لە یەک لا نالی و مشوی، لە لایێ سالم و کوردی

لە هەنگامەی هونەر گەرمی تکا چۆبوون لە مەولانا

لە مەیدانی بەلاغەت دا، بە سواری مەرکەبی مەجنون

بە کوردی هەر یەکە تازە سواری بوون لە بابانا (سالم،٢٠١٥، ١٣١-١٣٢ )

زمان وەک بنەمایەکی گرنگی بوونی نەتەوە و ناسینەوەی دەوڵەت جێی بایەخی بەشێکی زۆری نووسەران و شاعیرانی کوردبووە. ئەگەر چی لە نێو شاعیرانی کلاسیکدا مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئاستی پێویست بایەخی مەعریفی شیعری نەتەوەیی دا نییە، بەڵام لێرەدا دەبینین سالم خۆی و هاوەڵەکانی بە پارێزەرو مامۆستای سەرکاری زمانە نەتەوایەتیەکە دەناسینێت، کە ئەمە لە لایەک ئاستی هوشیاری سالم دەردەخات و لە لایەکیش دەیەوێت ئەوە بە گوێی کورددا بدات، کە پێویستە شانازی بە زمانە نەتەوەکەیانەوە بکەن و لەژێر هەیمەنەی چەتری شەرم و داگیرکاریدا بێنە دەرەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە بنەماکانی دەوڵەتە سالمی شاعیرو رۆشنبیر لەرێگای شیعرەکانیەوە دەریدەبڕێت .

-شێخ ڕەزا(١٨٣٧- ١٩١٠)

دیارە ( شێخ ڕەزا) ش یەکێکی ترە لەو شاعیرانەی هەستی خۆی بەرامبەر بە نیشتمان و خاک و دۆزی ڕەوای نەتەوەکەی لە چەند دەقێکدا دەردەبڕێت شاعیر ئەیەوێت لە رێگەی ئەزموون و دونیابینیی خۆیەوە گەل و نەتەوە ئاگادار بکاتەوە لە پیلان و تەماعی دوژمنان، کە ئەمە بنەمایەکی مەعریفی گوتاری تاکە بۆ نەتەوە و نیشتمان . بۆ نموونە کاتێک دەڵێت:

لەبیرم دێ سولەیمانی کە دارو موڵکی بابان بوو

نە مەحکومی عەجەم نە سوخرە کێشی ئالی عوسمان بوو

لە بەر قاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهید

مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو

لە بەر تابووری عەسکەر رێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا

سەدای مۆزیقەو نەققارە تا ئەیوانی کەیوان بوو (دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، ٢٠١٠،٩٥)

ئەوە هەست و سۆزی شێخ ڕەزایە بۆ نیشتمان لە نێوان کاتی دوێنێ و ئەمڕۆدا زادەی خەمی نەتەوەیی و نیشتمانە. شاعیر خەم و حەسرەتی دەروونی بە گەڕانەوە بۆ یاد و سەردەمی ڕابردووی شار دەگەڕێتەوە، شێخ ڕەزا کە لە کاتی نووسینی ئەم دەقەدا، کە سەدەی نۆزەدەهەمە شار لە ژێر دەسەڵاتی بابانەکاندا شکۆیەکی دەروشاوەی لە هەمبەر چەپۆک و دەسەڵاتی بێگانەدا هەبووە. هاتووە وێنەی ئەو سەردەمە دەکێشێت کە سلێمانی شوێنێکی سەربەخۆ و خاوەن پێگەو سەروەری خۆی بووە. نە لە ژێر چەپۆک و دەسەڵاتی فارس و نە پیاوی عوسمانیان بوونە. بۆیە هێندە شوێن و گرد و کۆچەو کۆڵانی شار لە دەروونی شێخ ڕەزادا پایەو مەقامیان بەرز و کاریگەرە پێی وابووە خەڵکی بۆ زیارەت دەچوونە گردی سەیوان هاوشێوەی کەعبەی پیرۆز و بەوەی چوواندووە. بەمەش خۆشەویستی خاک و نیشتمانە وادەکات شێخ ڕەزا بەم شێوەیە سۆزی دەروون دەرببڕێت .مەعریفەو دونیابینی شاعیر خەمێکە ئاراستەی نەوەی داهاتوو کراوە.

-مەلای جەزیری (١٥٦٧- ١٦٤٠)

یەکێکی تر لەو شاعیرانەی کە بە سەر ئامادەی ئەو شاعیرانە دادەنرێت هەستی خۆشەویستی بۆ خاک و نیشتمانەی و کوردو کوردستان بەجوانترین شێوە دەربڕیوە، بە شیعرەکانیشی توانوێتی ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە هوشیارکرنەوە و بزاوتنی هەستی نەتەوایەتی تاک بە تاکی میللەتەکەیدا.

بەدل ئاتەش ژ جەگەر بریانم

لەو پەریشانم و پۆر نیشانم

عاشقێ نازک و مەحبووبانم

تو مەبین بێ سەرو بێ سەمیانم

گولی باغی (ئیرەمی بۆتانم )

(شەب چراغی ) شەبی ( کوردستانم )

چ تەبیعەت بەشەر و ئینسانم

لله الحمد چ ( عالی شانم ) (دوانی مەلای جزیری ،١٣٦١، ١٢٦)

لەم دەقەدا مەلایی جزیری بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ لە چوارچێوەی شانازی کردن بە خۆیەوە هەستێکی نیشتمانی دەردەبڕێت، کە لە وەسفی کوردستاندا بە هێمایەکی ژیرانە ئاوێتەیەک لەنێوان شانازی بە خۆو نیشتمانەکەیەوە دەکات، ئەوەش لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ڕوو لە دەمی دەکات و بە سومبوڵێکی نیشتمانیی ناو دەبات.

هەروەها لە نمونەیەکی تردا دەڵێت:

تەنیا نە ( کوردستان ) ددن

(شیراز ) و (ینگ ) و (وان ) ددن

هەر یەک لسەر چەهڤان ددن

ژ ( ئەسپەهان ) تێتن خەراج

چەهڤێن بەلەک قەوسێن هەلەک

خەرج و فەلەک غالب مەلەک (دوانی مەلای جزیری ،١٣٦١، ١٧٦)

بە هەمان شێوەی هەستی نەتەوایەتی لەنمونەیەکی تردا لە وەسفی میری بۆتان کە وەکو رابەرو پێشەنگی نەتەوایەتی دا یدەنێت ، دەڵێت:

پاشی نەوشیروان دبێم دێ حاکمێ عادل تۆبی

مێلی حاتەم دانێ ب دانێ دەرجەهان مەشهوری

ما جز ب رێ شوبهی دارێ تەختی هەفت نقێم بت

هەم ب حوکم و سەلگەنەت ئەسکەندەر فەغفور بێ (دیوانی مەلاین جزیری ،٢٠٠، ٢٩٦)

لەم نمونەسەدا جزیری پەسنی دادپەروەری و ئازایەتیی دەکات، کە وێنەی نمونەی باشی و بێ وێنەیە، کە شانی لەشانی نەوشێروان و ئەسکەندەر دەدات، ئەمەش بەرجەستەکردنی وێنەی شیعری نەتەوایەتیی جزیرییە.

مەلای جزیری دەربارەی بە میری بۆتان دەدوێت و بە کەسێکی لێهاتوو وەسفی دەکات و باس لە سەرکەوتنەکانی دەکات و ئاواتەخوازە هەموو کوردستان بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەو، تاکو کورد ببێتە خاوەنی دەوڵەت و قەوارەیەکی سەربەخۆ وەکو دەڵێت:

(رایەتا فەتحێ ) ژ نەیرا تە کو هەر مەنشور بوو

شەهسوارێ فەرێ سوبحانی عەلەمدارێ تەبی

نە بە تنێ تەبرێز و کوردستان لە بەر حوکمێ تەبن

سەد وەکی شاهێ خوراسانێ د فەرمانێ تە بی

گەر چ دەر ئقلیمێ رابع هاتە تەختێ سەلطنەت

پادشاهێ حەفت ئەقلیمان سەلام کارێ تەبێ ( دیوانا مەلایێ جزیری ، ١٩٧٧،٤١٨)

-پیرەمێرد(١٨٦٧- ١٩٥٠)

یەکێکی تر لەو شاعیرانەی هەستی بە ئازارو مەینەتیەکانی نەتەوەکەی کردووەو هەوڵی داوە لە ڕێگای گوتاری شیعرەکانییەوە نەتەوەکەی هوشیار بکاتەوە، هەستی نەتەوایەتی خۆی بە شێوەیەکی دیارو کاریگەر دەربڕیوە، ئەمەش بە شێوەیەکی ڕوون لە شیعرەکانیدا هەستی پێ دەکرێت و بۆ نموونە کاتێک دەڵێت:

هەزاری وەک من هەتا نەکوژرێ

بە قەڵەمی خوێن شیوەن نەنووسرێ

ئەم میللەتەی کورد ڕزگاری نابێ

بێ شک ئەم ئیشە ئەبێ هەر وابێ (د.پیرەمێردی نەمر ،٢٠٠٧، ٣٢٧)

وەک ئاماژەمان پێ کرد پیرەمێردی شاعیر یەکێکە لەو شاعیرە نیشتمان پەروەرانەی لە چەندین دەقدا هەستی نەتەوایەتی خۆی دەربڕیوە .لەم دەقەشدا شاعیر داوای خەبات کردن دەکات لە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی بۆ ڕزگار بوون لە ژێر زوڵم و ستەمی داگیرکەراندا ئاماژەش بەوە دەکات ئەگەر گەلی کورد هەر ئاوا دەستەوەستان بووستن و خەبات نەکەن بۆ مافە ڕەواکانی نەتەوەکەیان ئەوە قەد ڕزگاریان نابیت لە ژیر دەستی و زوڵم و ستەمی داگیرکەرانی گەلەکەیەوە .بۆیە پیرەمێردی شاعیرو نیشتمانپەروەر بەو پەڕی هەست کردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە گەلەکەی و وەک تاکێکی ڕۆشنبیرو شاعیر هەستی نەتەوایەتی خۆی دەربڕیوە . لە نموونەیەکی تردا شاعیر دەڵێت:

ئەو جەژنەی میللەت تێدا کەساسە

من سەرم شینەو بەرگم پەڵاسە

مەڕ سەربڕینەو قۆچی قوربانە

قوربانی ئێمە کچ وکوڕمانە

با گرتن کەمێ ترسم لێ لابا

بریندار نەبێ نێر هەڵمەت نابا

کوڕ گەل بە گاڵتە بڵێین بە دوژمن

کەوتن بۆ ئەو سەرکەوتن بۆ من

قوربانی ئێمە زۆر پەسەند ترە

هی حاجی مەڕە ،ئێمە کچ و کوڕە(د پیرەمێر نەمر، ٢٠٠٧، ٢٣٦)

پیرەمێرد لەم دەقەدا باسی خەبات و تێکوشانی نەتەوەکەی دەکات دژی داگیرکەرانی وڵاتەکەی. شاعیر لەم دەقەدا کورد دەشوبهێنێ بە شێری بریندار، چونکە بە درێژایی مێژوو خوێنی کوڕوکچەکانی نەتەوەکەی بەخشیوە لە پێناو مانەوەو بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی، دوژمنانی نەتەوەکەشی هەمیشە لە هەوڵی سڕینەوە و قڕکردن و لە ناو بردنی کورد بوونە. شاعیر ئاماژە بەوەش دەکات و دەڵێت : ئەگەر چی قوربانی حاجییان کاتێک سەردانی کەعبەی پیرۆز دەکەن مەڕ سەر دەبڕن و دەیکەن بە قوربانی، بەڵام قوربانی نەتەوەی کورد لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانیان دژ بە داگیرکەرانی نەتەوەکەیان گیان بەخت کردنی کوڕوکچەکانیانە، بە بەردەوام

بوونیان لە خەبات و تێکوشان دڵنیا بن کە سەرکەوتن بۆ گەلی کوردە. شاعیر بەشێوەیەکی جوان هەستی نەتەوایەتی خۆی دەربڕیوە.

لە نموونەیەکی تردا پیرەمێری شاعیر کاتێک لە تورکیا دەگەڕێتەوە شەوێ لە گوێ ڕووباری دیجلە لە بەغداد دادەنیشێت. بەراوردی دواکەوتووی کوردستان لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتووەکاندا دەکات و بە خەیاڵ دەوڵەتێک بۆ نەتەوەکەی دروست دەکات و ئاواتخوازە کوردیش خاوەنی دەوڵەتێکی پێشکەوتوو بێت و دەڵێت:

شەوێ لە گوێ شەتی بەغدا ، خەیاڵی کوردم ئەکرد

گەلێ لە گەل بەجێمابووم دەست و بردم ئەکرد

فەزای ئومێم ئەدی، بێنیهایەت ڕۆشن ، ساف

تلووعی تالعی کورد ، ببووە نووری پەردە شکاف

کە دیم دەوڵەتی تازەی ، شوێن دەوڵەتی عەبباسی

منیش ئەکەوتمە خولیا ، خولیای لالە عەبباسی

خەتی حدودم کێشا لە خاکی ڕۆم و عەجەم

بە پانی فەیلی و لوڕ و زەهاویشم دابووە دەم ( د. پیرەمێری نەمر ، ٢٠٠٧ ، ٧٩-٨٠)

پیرەمێردی شاعیر لە بەر ئەوەی ئاشنای ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی جیهانی دەرەوە بووە. دوای گەڕانەوەی بۆ خاکی نیشتمان ئاواتخواز بووە کوردستانش هاوشێوەی ئەو وڵاتە پێشکەوتووانەی جیهان پێشبکەوێت، کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی تر ببێتە خاوەنی وڵاتێکی پێشکەوتووی خۆی. شاعیر بە خەیاڵ سنووری دەوڵەتی کوردستان دیاری دەکات و هەموو ئەو پێشکەوتنانەی لە دەرەوە بینیوێت دەیەوێت لە کوردستانیش دروستی بکات. ئەمەش خەمخۆری و هەستی بەرپرسیاریتی و نەتەوەیی شاعیر دەردەخات بۆ سەرخۆیی و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی

هەروەها لە نموونەیەکی تردا شانازی بە زمانی کوردییەوە دەکات. زمانش وەک یەکێک لە بنەما گرنگەکانی دەوڵەتە ودەڵێت:

کوردی ئاخر چییە عەیبی؟

هەر کەلامی حەقە نییە عەیبی

لەفزی کوردی بڵاو نەبوو گردبوو

وا لە مابەینی ئێمەدا تیاچوو ( د.پیرەمێری نەمر ، ٢٠٠٧ ، ٦١)

-ئەحمەد موختار جاف (١٨٩٨- ١٩٣٥)

شـاعیر و سیاسـەتمەدار ئەحـمەد موختارجـاف، یەکـێکە لەوانە هەمیشـە هەوڵــی داوە بە شـیعرەکانی ڕۆڵەی نەتەوەکەی هوشـیار بکـاتەوە. بە شـێوەیەکی واقیعیـانە توانیـویێتی ئەو بـارە نـاهەموارو خـراپەی مـیللەتەکەی لە شیعرەکانی ڕەنگبداتەوە و هەستی نەتەوایەتی خۆی بە شێوەیەکی جوان دەرببڕێت.بۆ نموونە دەڵێت:

وەختی تێکۆشانە ئەی قەومینە غەفڵەت تا کەی

واخەزانی کردووە ئێستێکە گوڵزاری وەتەن

کوانێ خەڵقینە لە کوێن فیرقەی مونەوەرو تینەتان

چونکە ئەو فیرقە ئەزانن دەردو ئازاری وەتەن

من بە باغ گوڵستانی جەننەتی ناگۆڕمەوە

خاکی ئەو جێگەی کە کوردە نەشتەری خاری وەتەن(د. ئەحمەد موختار جاف، ١٩٨٦،١٥٦)

شاعیر لەم دەقەدا هەموو ئەو کەموکوڕیـانە و ناکۆکیـانەی لەنـاو نەتەوەی کورددا بـوونی هەیە دەیخـات ڕو، بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی تێبکۆشان و خەباتبکەن لە پێناو نەهێشتنی ئەو کەموکوڕیانە ئاماژەش بەوە دەکات، کە تا کەی هەر دەستەوەستان دەبن، چونکە وەتەن وا خەریکە بەرەو لەناوچوون دەڕوات. بۆیە شاعیر لە ڕێگای شیعرەکانیەوە وەک ڕێپیشاندەرێک داوا دەکات هەوڵ بدەن بۆ دەستهێنانی ماف و ئازادی نەتەوەکەی و هەستی نەتەوایەتی خۆشی وەک خەمخۆرێکی میللەتەکی بە شێوەیەکی جوان دەربڕیوە. لە دەقێکی تردا شاعیر دەڵێت:

من کە کوردم حەز بە ئیستقلالی خاکی کوردستان ئەکەم

ئارەزووی دەوری تەرەققی حاکمی بابان ئەکەم

ناوەجاخە ئەوە کەسەی خزمەت بکا بۆ غەیری کورد

تا بە مردن شەرتە من هەر بەندەیی خۆمان ئەکەم

میللەتی من هەروەکو شێری ژیانت بۆ نەبەرد

ئێستەکە من چۆن ئیتاعەی وشتری عوریان ئەکەم (د. ئەحمەد موختار جاف، ١٩٨٦،٨٨)

شـاعیر لەم دەقەدا ڕووی دەمـی دەکـاتە ئەوە کەسـانەی خـزمەت بە بێگـانە دەکەن، لە سـەر حیسـابی نەتەوەکەی خۆیـان بە تەنـزەوە باسـی ئەوانە دەکـات، کە ئیتـاعەی حوشـترەوان ئەکەن کە مەبەسـتی عەرەبە. بـۆیە لەم دەقەدا کوردبـوونی خـۆی دووپاتـدەکاتەوە شـانازی پێـوە دەکـات و بەهیـواو گەشـبینیەوە داوای سـەربەخۆی نەتەوەکەی دەکات. ئەمەش ئەوپەڕی شانازیکردنی شاعیرە بە نەتەوەکەی و هەستی نەتەوایەتی خۆی دەربڕیوە.

لە نموونەیەکی تردا شاعیر ئەحمەد موختار جاف دەڵێت:

لە خەو هەڵسن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە

هەموو تەئریخی عالم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە

دەسا تێکۆشن ئەی قەومی نەجیبب و بێ کەس و مەزڵووم

بە گورجی قەتعی کەن ئەو رێگە دوورەی وا لە بەرتانە

بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیخی دوژمنتان

هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و و سوپەرتانە (د. ئەحمەد موختار جاف،١٩٨٦ ،٩١)

شاعیر لەم دەقەش بە هەمان شێوە داوا لە ڕۆڵەی نەتەوەکەی دەکات تێبکۆشن و خەباتبکەن لە پێناو مافەڕەواکانی نەتەوەکەی، سەرەڕای ئەوەی گەلی کورد گەلێکە خاوەن مێژوویەکی جوان و پاکن، بەڵام نەتەوەیەکن بێکەسن و ئەگەر خۆتان بە دوای ماف و ئازادییەکانتان نەکەون و خەبات نەکەن. ئەوە کەس مافەکانتان پێ نادا، لە دێڕێکی تر شاعیر هانی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی دەدات، کە بخوێنن چونکە خوێندن وەک قەڵغانە بەرامبەر بە پیلانی داگیرکەران و دوژمن، بۆیە شاعیر هەموو ئەمانە بۆ ئەوەیە کە نەتەوەکەشی ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی و هەستی نەتەوایەتی خۆی بەم جۆرە دەربڕیوە.

-قانع (١٨٩٨- ١٩٦٥)

شاعیر وەک نیشتمانپەروەرێک هەموو ئەو کارەسات و ڕووداوانەی ڕوودەدات بەرانبەر بە نەتەوەی کورد لە شیعرەکانی ڕەنگدەداتەوە و هەست و بیری کوردانەی بەسەر هەموو ئایدۆلۆژیایەکاندا زاڵ دەبێ و ناچێتە ژێر باری هیچ ئایدۆلۆژیەک کە کورد و نیشتمانی کوردانی لە بیر بەرێتەوە. قانع هەستی نەتەوایەتی خۆی وەک شاعیرانی سەردەمی خۆی دەربڕیوە. بۆ نموونە کاتێک دەڵێت:

لە کزی کوردان گلاراوەمە

رۆژەکەی (ئەیلول ) تانەی چاومە

لە بیرت نەچێ باخچەی بەسەرا

بە خوێنی کوردی مەزڵوم ئاودرا

بە گولەی مەترە لوز ئاویرژین کراین

لەسەر ( حەق ) خۆمان بە ناحەق کوژران

با پێی تێ نەخەین، ئەو حوێنە گەشە . (قانع ،١٩٧٠ ، ٤٨)

شاعیر لەم دەقەدا باسی ئەو ڕووداو و کارەساتانە دەکات بەرامبەر بە نەتەوەکەی ڕوویداوە. وەک تاکێکی هوشیاری نەتەوەکەی بێ دەنگ نەبووە و هەمیشە وەک بەرگریکارێکی سەرسەخت هەوڵیداوە ڕۆلەکانی نەتەوەکەی لەو ناحەقیانە بەرامبەر بە نەتەوەکەی دەکرێت ئاگاداریان بکاتەوە. پێیان بڵێت ئەوەی دژی

نەتەوەکەی دەکرێت زوڵمە و نابێت دەستەوەستان بوەستن. ئەم هەستە نەتەوایەتیەش دەردەبڕێت و لە زۆربەی شیعرەکانیدا ڕەنیگداوەتەوە. لە نموونەیەکی تردا قانعی شاعیر دەڵێت :

دوژمنینە دڵنیابن، کورد بەمە ناتوێتەوە

ڕەوڕەوی بەڵکو بەرەوپێش مل ئەنێ و ناشکێتەوە

قوڕ بەسەرتان، ئێوە خاوەن تۆپ و تەیارەی شەڕن

میللەتی من خاوەنی تەئریخ و بیرو باوەڕن

گەرچی نووکی نێزەتان سورە بە خوێنی لاوی من

با ، لە ناو یادا بمێنێ ، تاوەکو ڕیسوا ئەبن

لاوی کوردی ، هوشیار بە دەرسی کە ئەم کەوتنە

شەرمەزاری کەن ئەوەی بڕوای بە خەندەی دوژمنە( قانع ، ١٩٧٩، ٧٤)

شاعیر وەک نیشتمانپەروەرێک بە دوژمنانی گەل و نەتەوەکەی دەڵێت، کە نەتەوەی کورد بە زیندان و قڕکردن و لە سێدارەدان هەرگیزەو هەرگیز و دڵنیابن ناتویتەوەو لەناوناچێت، بەڵکو ئەم ناحەقی و دوژمنکارییەی بەرامبەر بە نەتەوەی کورد دەیکەن گیانی نیشتمانپەروەری و هێزی یەکگرتوویی میللەت و نەتەوەی کورد بەهێز دەکات. هەروەها دەبێتە زیندووکردنەوەی شۆڕش دژ بە دوژمنان و داگیرکەران. دووبارە بە دوژمنان دەڵێت ئەگەر ئێوە خاوەنی تۆپ و تەیارەن ئەوە نەتەوەکەی من خاوەنی بیروباوەڕی پۆلاینن و مێژوویەکی کۆنن و بە دوژمنکاری ئێوە ناتوێتەوە ڕۆژێکش دەبێت لاوەکانی نەتەوەکەم تۆڵەی ئەم زوڵمەتان لێ بکاتەوە. بۆیە شاعیر بەوپەڕی بڕوا بەخۆبوون هەستی نەتەوایەتی خۆی دەربڕیوە.

سەبارەت بە دەوڵەتی کوردی شاعیر کاتێک بۆ یەکەم جار ئالای کوردستان دەبینێت و دەڵێت:

سەد شوکور وا من نەمردم، تا کە دیم ئالای کورد

کەواتە بەرچاوم بە بەرزی سوورەت و سیمای کورد

بازبوو دوورابوو دیدەی نەرگسی شەهلایی کورد

مژدە بێ ئەمڕۆکە بەربوو، چاوی پڕ بینایی کورد

هەر بژی ئالایی کورد و پێشەوای زانایی کورد.(قانع ،١٩٧٩، ٩٢)

مەسەلەی ئالا یەکێکە لەو بابەتانەی جێی بایەخ و گرنگی تاکی کوردە بە شێوەیەکی گشتی ونووسەران و شاعیران بە تایبەتی . قانعی شاعیر بە بۆنەی بینینی (ئالای کوردستان ) خۆشحاڵی و سوپاسگوزاری دەربڕیوە، کە بۆ یەکەم جار ئالای بینیوە لە ساڵی ١٩٤٦ لە کاتی کۆماری کوردستان. بۆیە شاعیر باسی ئالای کوردستانی

کردووە وەک یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی دەوڵەت، مژدەش دەدات بە نەتەوەکەی و ستایشی پێشەوا (قازی محەمەد ) دەکات. شاعیر لە رێگەی ئەم دەقەوە هەستی نەتەوایەتی خۆی بەرامبەر بە نەتەوەکەی و ئاڵاکەی دەربڕیوە .

-فایق بێکەس(١٩٠٥- ١٩٤٨)

شاعیرێکی نیشتمانپەروەرو دژی بێگانەپەرستی بووە. لە زۆربەی ڕووداوە سیاسیەکاندا ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە. ئەمەش وای کردووە تووشی گرتن و زیندانی بکرێت لە هۆنراوەکانیشدا ئازارو مەینەتیەکانی نەتەوەکەی خستۆتەڕوو هەستی نەتەوەیی خۆی دەربڕیوە. بۆ نموونە کاتێک دەڵێت :

خەیاڵاتی شەوو ڕۆژەم، ژیانی میللەتی کوردە

تەمەننام لای خودا دائیم، ژیانی میللەتی کوردە

بە دائیم دڵ پەشێواوی پەشێوی میللەتی کوردم

وەکوو بولبول سەحەرخوانیم ژیانی میللەتی کوردە

دڵم خوێن ڕێژ و سەرکێژە ، دوو چاوم پڕ لە ئەسرینە

عیلاجی دەردی (بێکەس ) هەر ژیانی میللەتی کوردە ( دیوانی بێکەس ، ١٣٩٠ ، ٩٠)

شاعیر لەم دەقەدا ئەو پەڕی پەرۆشی بۆ نەتەوەکەی دەردەبڕێت هەموو شتی ژیانی خودی بەستاوەتەوە بەژیان و گوزەرانی میللەتەکەیەوە وەک خەیاڵ و چارەسەری دەردی شاعیر و داوا و تەمەنای لە خوای گەورەش دەکات، کە ژیانی میللەتی کورد باش بکات. شاعیر خۆی بە بولبولی سەحەر خوان چواندووە بۆ ژیانی نەتەوەکەی. بەم شێوەیە بێکەسی شاعیر هەستی نەتەوەیی خۆی دەربڕیوە. لە نموونەیەکی تردا دەڵێت:

قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەررووی زەمین

میللەتێکی قارەمانە هەر ئەبێ سەربەست بژین

میللەتێ لاوی لە رێگەی سەربەخۆی نیشتمان

بێتە بەر سێدارە ، بێ ترس ،دەم بە خەندە ، و پێکەنین ( دیوانی بێکەس ، ١٣٩٠ ، ٩٦)

شاعیر لەم دەقەدا ستایشی ئازایەتی و قارەمانیتی میللەتەکەی دەکات سەرەڕای ئەوەی دوژمنان و داگیرکەرانی خاک و نیشتمانەکەی هەردەم لە هەوڵی لە ناوبردن و قڕکردنی دان و زوڵم وستەمی لێ دەکەن، بەڵام ڕۆڵەی نەتەوەکەی سڵ لە هیچ ناکەنەوە و هەر دەیانەوێت سەربەرز بژین و تێدەکۆشن و خەباتدەکەن لە پێناو مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی . تەنانەت قارەمانیەتی لاوەکانی کورد لەوە دەردەکەوێت کاتێک دوژمن بەرەو پەتی سێدارەشیان دەبات بە خەندەوە دەچن و چۆک دادانوێنن بۆ دوژمنی نەتەوەکەیان . ئەمەش هوشیاری و هەستی

نەتەوەیی شاعیر دەردەخات و هانی لاوەکانی نەتەوەکەی دەدات داوای ماف و ئازادی و سەربەخۆی کوردستان بکەن. لە نموونەیەکی تردا سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان و دەڵێت:

داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەد بەر ناگرێ

سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ

پیاو ئەبێ بۆ سەندنی حەققی لە مردن سڵ نەکا

هەر بڕووخێ بەس نییە تاکو نەسەنرێ نادرێ

کورد ئەگەر چی موددەتێکە دیل و داماوە بەڵام

باوەڕت بێ ڕووحی میللی هەر ئەمێنێ نامرێ

تۆ ئەگەر ئیسلاحی قەوم ونیشتمانی خۆت ئەوێ

لێت موحەقق بێ بەبێ شۆڕش مەحاڵە بکرێ( دیوانی بێکەس ، ١٣٩٠ ، ٩٨(

-مارف بەرزنجی(١٩٢١- ١٩٦٣)

شاعیر وسیاستمەدار یەکێکە لەو شاعیرانەی لە بنەماڵەیەکی نەتەوەپەروەرو ئەدەب دۆست بوو .لە سەرەتایی نووسینی شیعرەوە شیعری نەتەوایەتی نووسیوە. تا ئەو ئاستەی لە پێناو نیشتمان و نەتەوەکەی لە سێدارە بدرێت و شەهید بکریت لەگەڵ کۆمەڵی نیشتماپەروەری تردا. بۆیە کاتێک ئاوڕ لە شیعرەکانی ئەدیتەوە ئەوە بە ڕوونی ئەو هەستە بەدیدەکرێت لە شیعرەکانیدا دەگمەنە شیعرێکی هەبێ مۆرک و هێمای نەتەوەی پێوە دیار نەبێت .بۆ نموونە دەڵێت :

تیروشیرری خۆم ئەبەستم پاسی کوردستان ئەکەم

دوژمنی خاکی وڵاتم پەرتی سەرکێوان ئەکەم

نە لە تیرەی رۆستەمم یا خود سەلاحەدینی کورد

ئارەزووی تەخت کیان و تاجی شا شاپوور ئەکەم

خاکی زێڕینی وڵاتم دینمە ژێر حوکمی خۆم ( بەرزنجی ،١٩٩٣، ١٣٢ )

شاعیر وەک ئاماژەمان پێ کرد هەر لە سەرەتای شیعر نووسینی بە شیعری نەتەوەیی دەستی پێ کردووە. ئەم دەقەش بەڵگەی قسەکانمانە، کە سەرەتای شیعر نووسینێتی، کە لەم دەقەدا خۆی وەک خەمخۆر و جەنگاوەرو گیانفیدایەک بۆ نیشتمان و نەتەوەکەی پێشاندەدات، چونکە شاعیر هەستی بەوە کردووە کە نیشتمانەکەی دوژمنان و داگیرکەران داگیریان کردووە و نەتەوەکەشی بێبەشن لە هەموو خێرو بێرێکی. ئەمەش کاریگەری لە

دەروونی شاعیر کردووە و بۆ دەرکردنی داگیرکەران و دوژمنانی نەتەوەکەی ئامادەیە چەک هەڵبگریت و بە روحی بەرگری لە خاک و نیشتمانەکەی بکات. لە نموونەیەکی تردا شاعیر دەڵێت:

ئەی گەلی جێماو ، پەرت و لەت و پەت

هەی بەش بەش کراو لە چوار پێنج دەوڵەت

بوون بە ئاغای تۆ چەند حیز و هەتیوو

لەم سەدە بەرزەی زانست و فەننا

هەر تۆ خەنکاوی لەناو بۆگەنا

بێ بەش لە مێژووی نەژادانی خۆت

بێگانە یەکن ڕۆڵەکانی خۆت

ناوی کوردستان نابێ ببڕێ

گەر ناوت هێنا دەست ئەبڕێ ( بەرزنجی ،١٩٩٣،٧٨ )

شاعیر لەم دەقەدا چ وەک رۆشنبیرێک چ وەک نیشتماپەروەرێک دابەشکردنی کوردستان بەسەر چەند وڵاتێکی دوژمندا کاریگەری دەکاتە سەر دەروونی و داوا لە ڕۆڵەی نەتەوەکەی دەکات، کە لەم سەردەمی زانست و پێشکەوتنە تێبکۆشن و خەبات بکەن بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی، چونکە کوردستان موڵک و خاوەنی ڕاستەقینەی کوردە. ئەگەرچی ئێستا بەپیلانێک بەسەر چەند وڵاتێدا دابەشکراوە. بۆیە شاعیر داوا دەکات ڕۆڵەی نەتەوەکەی هۆشیار بن و تێبکۆشن بۆ ئەوەی خۆیان فەرمانڕەوای خاکەکەیان بکەن ولە ژێر دەستی دوژمن دەریبکەن .

بەرزنجی سەبارەت بە دەوڵەت و بنەماکانی دەوڵەت یەکێکە لەو شاعیرانەی باسی ئازادی کورد دەکات و ئاواتەخوازیشە کوردیش وەک نەتەوەکانی تری سەرزەمین ببێنە خاوەنی کیانێکی سەربەخۆ وەکو دەڵێت:

تا ئیستا زبان هەر یەک زبانە

کوردن کوردستان نیشتمانیانە

پاش ئەوەی جوو هاتە فەڵەستین

لە جێگای عەرەب بوونە جێنشین

بە بیرا نایە کورد و کوردستان

بۆ دوژمنانی چۆڵ بێ بە ئاسان

زۆری نەماوە تیشکی ئازادی

تیشکی زێرینی هەڵبێ بە شادی ( بەرزنجی ، ١٩٩٣، ٧٩)

-هێمن(١٩٢١- ١٩٨٦)

یەکێکـی تـر لەو شـاعیرانەی لە پێنـاو مـافە ڕەواکـانی نەتەوەکەی گوتـارە شـیعرەیەکەی خسـتووەتە خـزمەت گەلەکەیەوە بە دەنگێکی بەرزو هەستێکی پۆلاین هەستی نەتەوایەتی خۆی دەربڕیوە وەک دەڵێت:

هەتا کەنگێ سیا چاڵی بە سامی دوژمنی زاڵم

پڕاو بڕ بێ لە ڕۆڵەی گەل ،جمەی بێ وا لە دەس بەستان؟

هەتا کەی ئەشکی خوێنینی کچە کوردی برا کوژراو

لە جێی بادەو لە بەزمی دوژمنان بدرێتە دەست مەستان (دیوانی هێمن موکریانی،٢٧٠٨، ٣٣٧)

شاعیر لەم دەقەدا دەنگی بەرز دەکاتەوەو دەڵێت تـا کەی ئەو زوڵم و زۆرداریە لە ڕۆڵەی نەتەوەکەم بکرێت و دوژمنان و داگیرکەرانی نەتەوەکەم مافی نەتەوەکەم بخۆن و بەندینخانەکانمان پڕکەن لە گەنج و لاوی نەتەوەکەم. هەروەها لە دەقەکەدا دەڵێت تا کەی فرمیسکی کچە کورد بۆ بـرا کوژراوەکانیـان بڕێژن بە نـاحەق. بۆیە شـاعیر لەم دەقەدا لوتکەی بیروباوەری نەتەوەی خۆی دەربڕیوەو باوەڕی بە ئازادی و شۆڕش و خەبات کـردن هەیە بۆ بە دەست هێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەی و هیچ کەس و هێزێکیش ناتوانێت لە بیـرو بـاوەرو هەسـتی نەتەوایەتـی بکات.

لە نموونەیەکی تردا شاعیر دەڵێت:

دەمگرێ ئەما لە گرتوخانە ڕق ئەستوورترم

لێم دەدا ئەما لە سەر ڕەواکەم سورترم

دەمکوژێ من خۆم بە گژجەلادەکەم دا دێمەوە

کوردم و ناتوێمەوە ناتوێمەوە ناتوێمەوە(دیوانی هێمن موکریانی،٢٧٠٨، ٤١٩)

هێمنی شاعیر بەردەوام دەبێت لە بیروباوەڕی نەتەوایەتی خۆی هێزیش نییە لە هەستی نەتەوایەتـی خـوێ بـکات. بۆیە ڕوو لە دوژمنانی نەتەوەکەی دەکات پێیان دەڵێت: چەند ئازارو ئەشکەنجەو بەندمان بکەن، بەڵام ڕۆڵەکـانی نەتەوەکەی ڕق ئەستوورتر دەبن بۆ داواکردنـی مـافە ڕەواکانیـان، خەبـات دەکەن لە پێناویـدا بەگژ داگیرکەرانـی خاکەکەی دەچنەوەو هەرگیزاوهەرگیز خەیاڵی لەناوبردن و ڕیشەکێشـکردنی کـورد نەدەن، چونکە ڕەگوڕیشـەی بە خاکی کوردستانا چەقاندوە و ناتوێتەوە. بەمەش شاعیر بەو پەڕی بڕوا بە خۆبونەوە هەستی نەتەوایەتـی خـۆی دەربڕیوە.لە نموونەیەکی تردا دەڵێت:

دەزانن زامی دیلی چەند بە ئێش و چەند بەئازارە؟

دەبێ ڕابێین هەتا ئێمەش دەگەینە ڕێزی سەربەستان

خەتای خۆمانە تا ئێستا کە هەروا کۆیلەو دیلین

ئەوانە شاد و ئازادن کەمێک زووتر لە خەو هەستان

هەتا.......

بە خەڵکی عالەمی سەلماندووە تەرێخی ئازادی

دەبێ زاڵم لەبەر تێکۆشەران بەرداتەوە دەستان (دیوانی هیمن موکریانی،٢٠٠٨، ٣٤٦)

هێمنی شاعیر دیلی و کۆیلەیەتی نەتەوەکەی ئازاری دەدات و ئاواتەخوازە نەتەوەکەشی وەک هەموو نەتەوەکانی تری دونیا ئازادییەکانی بەدەستبهێنێ و ببێتە خاوەن کیانی سەربەخۆی خۆی. ئەمەش پەرۆشی شاعیر دەردەخات بۆ دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی.

-کامران (١٩٢٩- ١٩٨٦)

بەهەمان شێوەی شاعیرانی پێش خۆی و سەردەمی خۆیی، یەکێکە لەو شاعیرانەی دڵسۆز بووە بۆ خاک ونیشتمان و نەتەوەکەی. ئەمەش بە ڕوونی لە دەقە شیعرییەکانی دەردەکەوێت. بۆ نموونە دەڵێت :

ژین لە لای دڵسۆز هەر تێکۆشانە

هەوڵە بۆ خاکی ئەم کوردستانە

خۆزگە ئەندازەی ژیان و تەمەن

تێکۆشان بوایە بۆ خاکی وەتەن

ئاخۆ تەمەنی کام دڵسۆزی کورد

لە چوار پێنج ساڵی تێپەڕی ئەکرد (دیوانی کامران ،٢٠١٣، ٢٤٢)

لەم دەقەی شاعیردا بە ڕوونی هەستی نەتەوایەتی دەردەکەوێت، کە باسی دڵسۆزی نەتەوەکەی دەکات کە خۆیان تەرخان کردووە بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەیان. ئاواتیش دەخوازێت تەمەنی مرۆڤی دڵسۆز هەر خەبات و تێکۆشان بوایە بۆ بەرگریکردن بۆ خاک و نیشتمان و نەتەوەکەی . بۆیە شاعیر لە ڕێگای شیعرەکەیەوە هەستی نەتەوایەتی خۆی دەردەبڕێت بۆ گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانی نەتەوەکەی . لە نموونەیەکی تردا شاعیر دەڵێت:

بۆ ڕۆژی نەورۆز سێ چەپک لە نیرگس و گوڵی ناسک

ئەکەم بە دیاری جوان بۆ گەلی کوردی قارەمان

بەو لاوانەی کە بۆ وەتەن لە خەباتا پشوو نادەن

بۆ ژینی کورد ، بوون بە پێشەنگ         بوون بە مەشخەڵی شەوزەنگ (د.کامران ، ٢٠١٣، ١٢٥)

شاعیر لەم دەقەدا هەستی نەتەوایەتی خۆی دەردەبڕێت لە ڕێگای بەکارهێنانی وشەی نەورۆز کە ڕۆژێکی پیرۆزە لە لای تاک بە تاکە گەلی کوردو ڕۆژی سەرکەوتنی ئیرادەیە بە سەر زوڵم و ستەمە. هەر لە دەقەکەدا شاعیر دیاری خۆی دەدات بە دایکی شەهید کاتێک دەڵێت:- سێ چەپک لە نیرگس و گوڵی ناسک دیارییە بۆ ئێوە ، کە ڕۆڵەکانتان بەخشیوە بۆ نەتەوەکەتان . هەر لە دەقەکەدا شیعری بە شێوەیەکی جوان و بەڕێزەوە باسی لاوانی نەتەوەکەی دەکات، کە لە پێناو دۆزی ڕەوای نەتەوەکەیان بە بێ پشوو خەباتدەکەن بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی. بۆیە شاعیر شامزایانەو دڵسۆزانە هەستی نەتەوایەتی خۆی دەربڕیوە.

شاعیر سەبارەت بە دەوڵەت و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی کە خەونی هەموو تاکێکی گەلی کوردە بە شێوەیەکی راستەوخۆ باسی نەکردووە ،بەڵکو باسی بنەماکانی دروستبوونی دەوڵەت کردووە و ئاماژەی بە چەند شتێک کردووە . وەک ئاڵا – گەل- کە ئەم وشانە بنەمایەکن بۆ دروستبوونی دەوڵەت . شاعیریش لە ڕێگای ئەم وشانەوە هەستی نەتەوایەتی بەرامبەر بە دوژمنانی نەتەوەکەی دەربڕیوە. لە لایەکی تر ئاماژەی بۆ کاوەی ئاسنگەر کردووە کە هێمایە بۆ خەبات و تێکۆشان و بەرگریکردن و ڕزگاربوونی نەتەوەی کورد لە دەست داگیرکەرو دوژمنانی و خەونی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی وەک دەڵێت:

کاوە کە هەڵی کرد ئاڵا         گەل لە قەڵای زۆردار ئاڵا

ئەو چەکوشەی تاکو ئەمڕۆ         شانازییە بۆ من و تۆ

لە سەری دوژمنا بوو         ڕزگاری بوو کوردی زیندوو ( کامران،٢٠١٣،١٧٦ )

-دیلان(١٩٢٧- ١٩٩٠)

یەکێکە لەو شاعیرانەی هەستی بە زوڵم و ستەمەکانی نەتەوەکەی کردووە، کە لایەن دوژمنان و داگیرکەرانەوە کراوەتە سەر نەتەوەکەی. ئەمەش وای کردووە گوتاری نەتەویی شاعیر هەڵقوڵاوی ئەو زوڵم وستەمە بێت و ڕەنگبداتەوە لە شیعرەکانیدا بۆ نموونە کاتێک دەڵێت :

منم بە تەنیا و تاکی         لێم قەدەغەیە و تاوانە

(دووان) بە وشەی زگماکی         ئەنجامی کۆت و زیندانە

منم لە کوێ ؟ لە تورکیا         سەیر گۆڕاوە ناونیشانم

بە من ئەڵێن تورکی چیا         وەک ڕۆ چوو بێ کوردستانم ( محەمەد ،٢٠٠٧ ، ١١٣)

شاعیر لەم دەقەدا بە دەنگی بەرز هاوار دەکات، کە تەنانەت مافە سەرەتاکانیشی پێشێل دەکرێت کە ئاخاوتنە بە زمانی دایک کە مافیکی هەموو تاکێکە لە سەر ئەم زەمینە بە زمانی دایکی ئاخاوتن بکات ، بەڵام داگیرکەرانی خاکی کوردستان ئەو مافەشیان لێ زەوتکردووە. تەنانەت وەک مرۆڤیش سەیر ناکرێت و هەوڵی سڕینەوە لەناوبردنی دەبەن وەک ئەوەبێت کە کوردستان خاکی کوردان نەبێت و خاکی داگیرکەران بێت . بۆیە شاعیر زۆر بە دەنگێکی بەرز هەستی نەتەوایەتی خۆی دەربڕیوە لە نموونەیەکی تردا دەڵێت:

ئای کێ بێ باگ و هاوار و پەیام

بگەیەنێتە گوێی گۆڕەکەی خەیام

بلێ هەی سەرشێت کوشتەی گڕی تەڕ

تۆ لەسەر باکەی شووشەکەی شکان

لەگەڵ خودادا کردت بە زۆران

هەڵسە بەرەو ئەم ناوە هەڵتووتێ

نەک شووشە شکا وا ڕەز ئەسووتێ ( محەمەد ،٢٠٠٧ ، ١٣٧)

شاعیر داوا دەکات کێ هاوار و دەنگی دەگەیەنێت بەوەی داگیرکەران و دوژمنانی خاک و نەتەوەکەی زوڵم و ستەم لە نەتەوەکەی دەکەن و بەوەش نەوەستاون کە قەتڵ و عامی گەلەکەی دەکەن و ڕۆڵەکانیان لە کونجی زیندان بەند دەکەن و لە سێدارەیان دەدەن . ڕژێمی داگیرکەری بەعس بەوەشەوە نەوەستاوە ،بەڵکو هەستاوە بە بڕینەوەو سوتاندنی هەموو ڕەزوداڕێکی بەردارو بێ بەر. بۆیە ئەمەش کاریگەری لە دەروونی شاعیر کردووە و بە شێوەیەکی جوان و هەستێکی قوول هەستی نەتەوایەتی خۆی دەربڕیوە. شاعیر سەبارەت بە ئازادبوونی نیشتمان دەڵێت:

ئەزانی کەی .... ئەزانی کەی

هەناو و دڵ ئەڵێ ئۆخەی

کە ئازاد بوو نیشتمانم

بەهارەکەی کوردستانم

گەشە بۆمن بۆ چاوی کوێر

ئەی هەنسک و سۆزی بلوێر (محەمەد ، ٢٠٠٧، ١١٩)

شاعیر لەم دەقەدا لە ئەنجامی زوڵم و زۆری داگیرکەران و دوژمنانی نەتەوەکەی ئاوات ئەخوازێت بە ئازادبوونی نیشتمانەکەی

کاتێک دەڵێت: کە دڵ و دەروون ئەحەسێتەوە نیشتمانەکەی ئازادبێت ونەتەوەکەی ببێتە خاوەنی کیانێکی سەربەخۆ و وەک تەواوی گەلانی جیهان کوردیش دەوڵەتی خۆی هەبێت.

-برایم ئەحمەد (١٩١٤- ٢٠٠٠)

یەکێکە لەو شاعیرانەی بە هۆی هەستی نەتەوایەتییەوە تووشی گرتن و زیندان کراوەو ئەم هەستە لە شیعرەکانیشیدا ڕەنگیداوەتەوە.گوتاری شیعری (بلە) ڕێنیشاندەری نەتەوە و نەوەی داهاتووە. بۆ نموونە کاتێک دەڵێت:

کوردی بێ کەس بەسیە هەستە، تێپەڕی هەنگامی شەو

ڕۆژی ئازادیت ببینە ، تا نەمێنێ سامی شەو

خوێن بڕێژە ، لەش بنێژە ، قەت مەچێژە تامی خەو

چونکە قوربانی ئەوێ، هەڵهاتنی ڕووی رۆژی نەو (برایم ئەحمەد ،٢٠٠٧، ٣١)

ڕەنگدانەوەی هەستی نەتەوایەتی لە شیعرەکانی برایم ئەحمەددا بە ڕوونی و بە زمانێکی ئاسان و ڕەوان دەبینرێت، شاعیر هەمیشە خەمی گەل و نەتەوەکەی ئاوێتەی خەمی خودی کردووە، پێی وایە گەیشتن بە خودی ئازادی پێویستی بە هوشیاربوونەوەی و خۆبەخت کردن هەیە، چەشتنی تامی سەربەستی و ئازادی گیان فیدایی و قوربانی دانی ئەوێ، خواستنی وشەی (خەو) لەم دەقەدا بۆ هوشیاربوونەوەی و دەرچوون لە زەلکاوی بێ ئاگایی و متبوون، نیشانەی ئەو هەستە نەتەوەییەن لە دەروونی شاعیردا کڵپەی کردووە، هەروەها لە نموونەیەکی تردا بە ناونیشانی ( هەر کورد ئەبین ) دەڵێت:

داگیر کەری دڵ پڕ لە قین

دڕندەی بێ ویژدان و دین

گەر قەندیل و ئاکری و شیرین

یەکسان کەی لەگەڵ ڕووی زەمین

ناتوانی وا کەی کورد نەبین

هەر کوردبوین و هەر کورد ئەبین

هەتا لە کۆتاییدا دەڵێت:

نەەگبیەو نەپیاوەتی

جیاوازی نەتەوایەتی

بڕیارەو مێژوو داویەتی

کە کورد بووین و هەر کورد ئەبین (برایم ئەحمەد ،٢٠٠٧ ، ٦٨)

گوتاری شیعری لەم دەقەی برایم ئەحمەددا هەڵقوڵاوی ئەو هەستە نەتەوایەتیەیە، کە لە ئەنجامی زوڵم و ستەمی دوژمنانی نەتەوەکەی سەرچاوەی گرتووە و دەروونی شاعیریان جۆش داوە . ئەو زوڵم و دوژمنکارییەی نەتەوە

سەردەستەکان وای کردووە،کە هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی شاعیر پاڵپشت بە مەعریفەیەکی تەواو گوتاری دەقەکەیان نقوومی ئەو بانگەوازە نەتەوەییە کردووە ، کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بە دەنگێکی بەرز هاوار بکەین و بڵێین : ئەی دوژمنان و داگیرکەرانی دڵ پڕ لە قین ئێوە هەر چی بکەن ناتوانن شوناس و ناوبانگی ئێمەی کورد بسڕنەوە ، چونکە ئەوە ئێمەین بەر لە مێژوو بە کوردی ژیاوین و خاوەن کەلتوور و شارستانیەتی خۆمان بووینە. سەبارەت بە دەوڵەتی کوردی شاعیرلە دەقەێکدا باسی ئاڵای کوردستان دەکات و دەڵێت:

کوردی خاوەنی ئەم نیشتمانە

پڕ خێر و بێرو پڕ نەوت و کانە

خاوەنی مێژوو هی ئەم زمانە

بە گۆڕ سپێری سەد هاری وەک تۆ

بۆ نەگرێتە دەست چارەنووسی خۆ

بۆ هەقی نەبێ ئەویش وەک ئێوە

ئاڵای خۆی هەڵکا لەم کەژو کێوە (برایم ئەحمەد ،٢٠٠٧، ٦٧ )

شاعیر لەم دەقەدا بە شێوەیەکی راستەوخۆ باسی چارەنووسی و هەڵکرتنی ئاڵای کوردستان و گەلی کورد دەکات ، هاتووە باسی کوردستانی کردووە، کە شوێنێکی پڕ خێرەو خاوەنی نەوت و چەندین شتی بە نرخە و کوردخاوەنی مێژووی ئەم خاکەیە ، بەڵام لە ژێر چەپۆکی داگیرکەان دەناڵێنێ و گەل بێبەشە لە خێرو بێری . بۆیە شاعیر ئاواتەخوازە و داوا دەکات ڕۆڵەی نەتەوەکەی تێبکۆشن و هەوڵ بدەن وەک گەلانی تر چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن ، ئاڵای کوردستانش کە یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی دەوڵەو دروستبوونی دەولەت لە خاکی خۆی هەڵبکات. ئەمەش پەرۆشی شاعیر دەردەخات بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لە رێگەی شیعرەکانیشەوە هەستی نەتەوەیی خۆی دەردەبڕێت . لە دەقێکی تر دا شاعیر سەبارە بە دەوڵەت و بنەماکانی دروستبوونی دەوڵەت دەڵێت:

| | |
|---|---|
| هەموو گەلانی سەر ڕووی زەمین | هەتا دەلێت.... |
| هەیانبێ مافی چارەی خۆ نووسین | ماڵی بۆ بێتە سەربەشی ماڵان |
| تەنیا لە چارەی کورد نووسرابێ | گەل و وڵاتی چووبن بە تاڵان |
| (هەتاکو ماون بەدیلی بژین ) | بەشێ لەڕوم و بەشێ لەعەجەم |
| داوای بەزمانی کووردی خوێندنی | بەشێ لە عێراق ، دیل بن هەڤاڵان |
| بەس بێ بۆ بیانووی لەناوبردنی | نەوێرێ بڵێ منش وەکو تۆم |
| ئاشتی بشێوێ ، دنیا تێک بچێ | نەتەوەیەکم لەسەر خاکی خۆم |

به داوای مافی ژیان کردنی چەند لای تۆ خۆشە شنەی ئازادی

هەزار هێندەی تۆ بۆی تامەزروم (برایم ئەحمەد ،٢٠٠٧، ٥٠)

شاعیر لەم دەقەدا وەک ڕۆشنبیرێکی نەتەوەکەی باسی کۆمەڵێ مافی نەتەوەکەی دەکات و بەراوردی کردووە لەگەڵ نەتەوەکانی تردا ، کە ئەوان ئەو ماف و ئازادییانەیان هەیە، بەڵام نەتەوەی کورد بێبەشە لەو مافانەی لە سایەی داگیرکەران و دوژمنانی گەلەکەی سەرەڕای ئەوش وڵاتەکەی دابەشی چەندین وڵاتی داگیرکراوە هەر بەشێکی بەسەر وڵاتێکە دابەشکراوە. ئەمەش وای لە شاعیر کردووە داوای ئەو مافانەی گەلەکەی بکات وەک ئازادی و مافی چارەی خۆ نووسین و بە کوردی خوێندن هەموو ئەمانە بنەمایەکی گرنگی دروستبوونی دەوڵەت وشاعیر وەک گوتاری شیعریی و نەتەوەیی خۆی لە رێگەی ئەم دەقەوە بە گوێی هەموو دونیا بدات و ئاواتخوازە نەتەوەکەی بەو ئاواتەبگات ئەویش دروستبوونی دەوڵەتی کوردییە.

-شیرکۆ بێکەس (١٩٤٠- ٢٠١٣)

یەکێکە لەو شاعیرانەی خۆی بەشداریەکی کارای هەبووە بۆ ئازادی و سەربەخۆی کوردستان. ئەمەش وای کردووە هەستی نەتەوایەتی و دەوڵەت و بنەمانی دەوڵەت لە شیعرەکانیدا ڕەنگبداتەوە کاتێک دەڵێت:

لە یەک کاتدا

سەرم سەری کرماشانەو

شان وملم ، شان و ملی قامشلووەو

لە یەک کاتدا ئامەد سنگمەو

کەرکوک دڵمەو

گەرمێن قاچمەو

سلێمانیش چاوەکانمە ،(بێکەس،٢٠١١، ٢٣٤)

شاعیر لەم دەقەدا خۆی ئاوێتەی هەر چوار پارچەی کوردستان کردووە. هەر یەک لە ئەندامی لەشی چواندووە بە شار و بەشێکی کوردستان. ئەمەش خۆشەویستی و وەفای شاعیر دەردەخات بەرامبەر بە خاک و نیشتمانەکەی و هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆی بە جوانترین شێوە دەربڕیوە . لە نموونەیەکی تردا دەڵێت:

نیشتمان

خەم لە کوێت بخۆم

باکوورەکەت

کە گورگی هار

دەم و كەڵپەی تێ ژەنیوە

ڕۆژ هەڵاتت

لاوەكانی

ئەدرێن لە پەت و قەنارە

یا باشوورە بەد بەختەكەت

ئەفرۆشرێ بە پلەو پارە (پێكەس،٢٠١١، ٢٣٤)

شــێركۆ یەكــێكە لە شــاعیرە خەمخــۆرو بەهەڵویســتەكانی نیشــتمان. لەم دەقەدا بەوپەڕی هەســت كــردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە خاك و نیشتمانەكەی لە هەرچوار پارچەكەی دەردەبڕیت . چۆن لە باكووری كوردستان توركی داگیركەرو دوژمن وەك گورگی هار بەربوونەتە گیانی ڕۆڵەكانت لە سادەترین ماف و ئازادییەكانیان بێبەشیان كردوون. چۆن لە ڕۆژهەڵات فارسی داگیركەر ڕۆژ نییە لاوەكانت لە سێدارە نەدەن و مافەكانیان پێشێل نەكەن و سەركوتیان نەكەن . كاتێكیش شاعیر باسی باشوور دەكات، كە بە دەستی كەسانی ناپرس دەناڵێنێت و لە پێناو بەرژەوەندییە كەسی و حزبیەكانیان خەم لە خاك ناخۆت و بەرامبەر بە پارە و پلەو پۆست هەر ڕۆژێ بە كەسی و لایەن و وڵاتێكی ئەفرۆشن. ئەمەش پەرۆشی شاعیر دەردەخات و لە ڕێگەی ئەم دەقەوە هەستی نیشتمانی ونەتەوەیی خۆی بەرامبەر بە خاك و نیشتمان ونەتوەكەی دەربڕیوە .

-لەتیف هەڵمەت (١٩٤٧( ------)

من شاعیر شاعیر شاعیر

وشە دەكەم بە كۆتر

وشە دەكەم بە شەكر

بەڵام ئەگەر نیشتمانەكەم بدزن

دەبم بە بارانی ئاگر

لە ئاوی گشت زۆردارێكدا

وشە دەكەم بە ژەهر ( هەڵمەت ، ١٩٧٩، ٤٥)

لەتیف هەڵمەت وەك شاعیرێكی بە هەڵوێست بەرامبەر بە نەتەوە و نیشتمانەكەی دژی دوژمنان و داگیركەرانی كوردستان هەڵوێست دەنووێنێت . لە لایەك وشەكانی بۆ مەبەستی ئاشتی و ئازادی بە كار دەهێنێت وەك كوتر و شەكر ، لە لایەكی تریشەوە ئاگاداری ئەوانە دەكاتەوە كە چاویان بڕیوەتە نیشتمانەكەی وشەكانی دەكات بە ژەهر وەك بارانی ئاگر بە سەریاندا دەیبارێنێت . شاعیر لەم دەقەدا ئەو پەڕی هەستی نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی بەرامبەر بە نیشمانەكەی دەردەبڕێت. لە نموونەیەكی تردا دەڵێت:

لاوی ئازادی

هەر چیم هەیە لیم بسێنن

بەڵام توخوا بەر لەوەی کەبمرێنن

چنگی خۆڵی وڵاتەکەم

لە دڵەکەم بپژێنن

هەر چیم هەیە لێم بسێنن

هەرچی یەسقان کە لەشمایە

یەکە یەکە

هەمووی بەگاز دەربهێنن

بەڵام تو خوا

نەکەن هەرگیز

چڵێ داری ئەم نیشتمانە بشکێنن ( هەڵمەت ، ١٩٧٩، ٩٨)

شاعیر لەم دەقەدا لە پێناو خۆشەویستی و وەفاداری بەرامبەر بە خاک و خۆڵی و داری نیشتمانەکەی دەستبەرداری هەرچی هەیە دەبێت . داواش دەکات بەر لەوەی بیمرێنن خۆڵی وڵاتەکەی بپرژێنن بە دڵیدا ، چونکە خاکی وڵاتەکەی لە هەموو شتێ لا پیرۆزترە . هەروەها شاعیر وەک ژینگەپارێزێک خۆشەویستی ژینگەی نیشتمانەکەی وای لێ دەکات بەرامبەری سوێند بدات و پێیان دەڵێت چیم لێ دەکەن ، بەڵام نەکەن دارو ڕەزی وڵاتەکەم بشکێنن . ئەمەش ئەوپەڕی هەستکردنی شاعیرە بەرامبەر بە خاک و نەتەوەکەی . سەبارە بە پیرۆزی خاکی کوردستان دەڵێت:

من دەتوانم

وشەی هەموو فەرهەنگەکان

بدزم و بیشارمەوە

لە ناو قوڵپی خوێنی گیانم

بەڵام هەرگیز ناتوانم

ئە لەم خاکە بەولاوە

هیچ خاکێکی تر بکەمە نیشتمانم ( هەڵمەت ١٩٧٩ ، ٣٧)

یەکێک لە بنەماکانی دروستبوونی هەر دەوڵەتێک بوونی خاکە . کورد خاوەنی خاکێکی دابەشکراوە ئەمەش لە شیعری زۆربەی شاعیرانی کورد رەنگیداوەتەوە.لەتیف هەڵمەتیش یەکێکە لەو شاعیرە نیشتمانپەروەرانەی هەردەم لە خەمی دروستبوونی کیان و دەوڵەتێکی سەربەخۆیە بۆ نەتەوەکەی . لەم دەقەشدا بە ڕوونی ئەو هەستە دەردەکەوێت و باسی خۆشەویستی خاک دەکات کە یەکێکە لە بنەماکانی دروستبوونی دەوڵەت.

بۆیە ئەوەی ماوە بڵێین کە شاعیرانی کورد وەک ڕوناکبیرو قەڵەم بەدەست لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە ، هەوڵی بەرگریکردن لە شوناسی نەتەوەییان داوە، لەهەمان کاتدا گوتاری شیعریان خستۆتە خزمەتی هوشیارکردنەوەی تاکی کورد و گەیاندنی دۆزی ڕەوای کورد بە میللەتانی دونیا.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە.

١-ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی سروشتیەوە پەیوەندی بە بیری مرۆڤەوە هەیە. لە ئەنجامی پێکەیشتنی نەتەوە زیاتر گەشە دەکات.

٢- ئامانج و بیرۆکەی دەوڵەت، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پێداویستی مادی و نا مادی کۆمەڵگایە، لەهەمانکاتدا دەکرێت ڕەنگدانەوەی بارودۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت.

٣-زوڵم و زۆری نەتەوەدراوسێکانی کورد، کە هەوڵی سڕینەوە و لە ناوبردنی نەتەوەی کوردیان داوە ، شیعری نەتەوەیی بووە بە یەکێک لە مەبەستە سەرەکیەکانی شیعری شاعیرانی کورد،بەجۆرێک لە شیعری زۆربەی شاعیران بەدیی دەکرێت.

٤- دەوڵەت و بنەماکانی دەوڵەت لەوەهەمەوە بووە بە خەونی زۆربەی زۆری شاعیرانی کورد ، ئەمەش وای کردووە لە شیعرەکانیان چ بە شێوەی ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕەنگبداتەوە.

## سەرچاوەکان :

-قورئانی پیرۆز،الروم،٢٢(

١- رەسول، جەعفەر عەلی : (٢٠٠٤) ، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی ، چاپخانەی رەنج ،سلێمانی .

٢- محەمەد، دڵشاد عەلی (د): (٢٠٠٧)، دیلان وتاقیکردنەوەی شیعری ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٣- رزگار، کریم :( ٢٠٠٥)، فەرهەنگی دەریا ، بەرگی یەکەم ، تهران.

٤-عەبدوڵڵا عەتەوی ، و: جەزا تۆفیق طالب – ئەحمەد ،ئەحمەد علی:(٢٠٠٣) ،دەوڵەت و کێشە نێودەوڵەتییەکان ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی.

٥- گەردی ،عەزیز عەبدوڵڵا (د)، کەمال مستەفا مەعروف ، دەولەتی نەتەوەیی کورد ،. ------.

٦- بایپر، عەلی :(١٩٩٨) ،سۆزی نەتەوایەتی و بیری ناسیۆنالیزم لە تەرازوی ئیسلامدا ، چاپی دووەم.

٧-عەبدوڵڵا فەهمی شوکری (د): ٢٠١٠، نەتەوەو دەوڵەت و ئایین.

٨-گرمشی :( ٢٠٠٤) ،دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی ، و. مامەند رۆژە ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی تیشک .

٩- کۆچێر، کریس : (٢٠٠٦) ،کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستدا ، و. حەمە کەریم عارف ، چاپخانەی شڤان ، چاپی سێیەم ، سلێمانی.

١٠- فاتیح ، موحەمەد : ( ٢٠١٢)، ناسیۆنالیزم و سیاسەت ، چاپی یەکەم ، هەولێر.

١١- رەشید، نەورسش : (٢٠٠٤) ، دەوڵەت بەرگی یەکەم ، چاپخانەی بابان ،ی سلێمانی.

١٢- سەعید،هیوا عەزیز: (٢٠٠٣) ، ناسیۆنالیزمی کورد، (١٨٨٠ – ١٩٣٩ ) بڵاوکراوەی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک ) سلێمانی .

-دیوان

١- برایم ئەحمەد، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی ، عومەر مەعروف بەرزنجی: (٢٠٠٧)، کۆی کردووتەوە،چاپی یەکەم، ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاک.

٢- دیوانی بێکەس( فایق بێکەس) کۆکردنەوەی : مامۆستا ئومێد ئاشنا: (١٣٩٠)، بڵاوکردنەوەی کوردستان،سنندج-کردستان.

٣- دیوانی پیرەمێرنەمر: (٢٠٠٧)، کۆکردنەوەو پەراوێز نووسینی: محمد رسول (هاوار )، چاپی یەکەم ، چاپخانەی شڤان..

٤- دیوانی سالم ، گ موکریانی ، بنکەی رۆشنبیری لوبنان بۆ چاپ و پەخش و وەرگێران ، بەیروت ، .. ----

٥- دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی: ( ٢٠١٠) ،ساغکردنەوەی :شوکور مستەفا، چاپی دووەم ،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،،هەولێر.

٦- شێرکۆ بێکەس: (٢٠١١)، ئێستا کچێک نیشتیمانمە ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم سلێمانی.

٧- دیوانی عارفی ربانی شێخ احمدی جزیری مەشهور بە مەلای جزیری : (١٣٦١)، هەژار، چاپی یەکەم، ، تهران.

٨- دیوانی قانع: ( ١٩٧٩)، کۆکردنەوە و چاپکردنی : بورهان قانع ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی زانکۆ ، سلێمانی.

٩- کامران –دیوانی کامەران ، ئامادەکردنی ،د. عەبدوڵڵا ئاگرین ،چاپی دووەم.

١٠- لەتیف هەڵمەت:( (١٩٧٩)، وشەی جوان گوڵە گوڵ ، چاپخانەی الحوادپ ، بغداد .

١١- دیوانا مەلایێ جزیری: ( ١٩٧٧) ،ئادق بهاءالدین ئامێدی ، چاپا یەکێ ، چاپخانا کوری زانیاری کورد ،بەغدا.

١٢- دیوانی مەلاین جزیری: (٢٠٠٠) ، ئامادەوبژارکردن تحسین ابراهیم ، چاپخانەی هاوار، دهۆک.

١٣- نالی ، لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریم مدرس و محمدی مەلا عبدالکریم:( ( ١٩٧٦) ، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.

١٤- دقی دیوانی نالی : (١٣٩٢) ، ئامادەکردنی : عەتائوڵڵا حەواری نەسەب، چاپی دووەم ، بڵاوکردنەوەی کوردستان.

١٥- دیوانی هێمن موکریانی: (٢٧٠٨) ،سەرجەمی شیعرەکانی مامۆستا هێمن ،نووسینی : وریا حەبیب، چاپی یەکەم،چاپ و پەخشی چوارچرا، بەهاری.

١٦- وريا قانع : (١٩٧٠) ، پاشمەرگی قانع ، چاپخانەی ژین ، سلێمانی .

١٧- وريا قانع : (١٩٧٠)،بەشی یەکەم لەپاش مەرگی (قانع) لێکۆڵینەوەو سەرپەرشتی لەچاپدانی: ، چاپخانەی ژین ، سلێمانی.

١٨- دیوانی قانع، برهان قانع : (١٩٧٩)، کۆی کردۆتەوە و چاپی کردووە، چاپی یەکەم ، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی .

-کتێب عەرەبی

١ -البحر،خليل (الدكتور) : (1973)، لاروس ( المعجم العربى الحديث ) مكتبة لاروس ، باريس.

٢- عصفور، سعد (د) : (1954)، القانون الدستوري ، دار المعارف ، الاسكندرية.

٣- مصطفى، عبداللطيف احمد (د):( (2011) ، الفرقة الاسلامية و غيرها،ط3، مطبعة الامان.

٤- الدجاني، محمد (د) : (2000) ، د.منذر الدجاني ، الحكم و الادارة ، جامعة القدس .

٥- عامر، محمد عبدالمجيد (د) ، دراسات في الجغرافيا السياسية و الدولة، دار المعرفة الجامعية ، اسكندرية ، بلا .س.ط.

6- الديب،محمد محمود ابراهيم (د) : (1990) ، الجفرافيا السياسية ،ط6، مكتبة ، الانكلوا المصرية ، القاهرة.

-پێگەی ئەلکترۆنی

١- www.chawy kurd. com

## National thought and the stste in the knowledge equation

abstract

Nationalism is a political, social and economic system, characterized by taking into account the supreme interests of a particular nation within certain geographical boundaries, and a state is a group of people living in a particular country, who are protected from internal and external attacks through the core of governance and supreme authority. This research, entitled (National Thought and the Illusion of the State in the Kurdish Cognitive Equation), is an attempt to present the importance of nationalist thought and the illusion of the state in the poetry of some poets according to the stages of Kurdish poetry.

The first chapter consists of two sections: the first section deals with the concept of the state and its definition, and the second section deals with the concept of the nation and its definition. The second and final part deals practically with nationalism and the state in the poetry of poets. At the end, the results were determined in several points and the list of sources was arranged.